DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.22

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# سیستەمی کۆمەڵایەتیی ناحیەی تەق تەق
# توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیی مەیدانییە

**م. ئالان صلاح سعدی**
خوێندکاری دکتۆرا/ لە بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر، عێراق
koyauniversity.org alan.salah@

**پ.ی.د. نوری یاسین هەرزانی**
ڕاوێژکار لە وزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/هەرێمی کوردستان
noori.harzani@gmail.com

## پوختە
کۆمەڵگەکان لە کۆمەڵێك سیستەم پێکدێن، یاخود بونیادێکی کۆمەڵایەتیی سەرەکیی، کە تیایدا کۆمەڵێك سیستەم و دامەزراوە ڕۆل و شوێنگەی تایبەت لە خۆدەگرێت، ئەم کۆمەڵە سیستەمەش بە لایەنی فەرمانییەوە بەیەکەوە بەستراون لە بونیادێکی کۆمەڵایەتییدا، کە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی. بەگشتی سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئاماژەیە بەو شێوازو یان بەو ڕێگەیەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەو میانەیەوە مامەڵە و کارلێك لەگەڵ یەك دەکەن، وەکو پێڕەوێك یان ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی مامەڵەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لەگەڵ یەکتر، لە سەری ڕێك دەخەن، هەموو ئەو کارلێکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەش لە ئەنجامی پێکهاتەی سیستەمی کۆمەڵایەتیی، وەکو هاوسەرگیریی و خێزان و خزمایەتیی دێتەئاراوە، بە مەبەستی دابینکردن و تێرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ وبەردەوامبوونی کۆمەڵگە. توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی تەق تەق، وئاشکراکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بواری هاوسەرگییریی و جیابوونە و خێزان و خزمایەتیی کە لە بونیادی کۆمەڵگەیەکەدا ڕوویداوە، هەروەها خستنەڕووی کێشەو گیروگرفتەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیە. ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی چۆنایەتیی ئەنترۆپۆلۆژییە، کە لە ناوەندی نا حییەی تەق تەق ئەنجامدراوە، کە سوود لە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیی مەیدانی وەرگیراوە، بە پشتبەست بە تیۆری بونیادی ئەرکدرایی، بە بەکارهێنای ئامڕازو کەرستەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی وەك، شێوازی تێبینییکردن و سەرەنجدان و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە مەیدانی توێژینەوە و چاوپێکەوتن و هەواڵدەر و بەڵگەنامە و تۆمار و زانیارییە فەرمیەکان. لە سۆنگەی گەیشتن بە ئامانجەکان، توێژینەوەکە بەسەر پێنج بەشدا دابەشکراوە، ئەوانیش سیستەمی کۆمەڵایەتیی ،هاوسەرگیریی، جیابوونەوە، خێزان، خزمایەتیی. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گێشتووتە ئەو ئەنجامەی، کە دیاردەی هاوسەرگیریی دەرەکی بەپەسندتر دادەنرێت، شێوازی خێزانی بنکە فراوان بۆ خێزانی(ناوك) بچووك گۆڕاوە، خزمایەتیی لە ڕێگەی ڕەچەڵەکی باوکەوەیە، چونکە کۆمەڵگەیەکی باوك سالارییە، دیاردەی جیابوونەوە روو لەبەرزبوونەوەدایە، کورو کچ ئازادن لە هەلبژاردنی هاوسەردا، دیاردەی فرەژنیی لە ناحییەی تەق تەق هەندێجار بەهۆی کۆمەڵێ هۆکاردێتە ئاراوە.

**کلیله وشەکان: سیستەمی کۆمەڵایەتیی ، هاوسەرگیریی، جیابوونەوە، خێزان، خزمایەتیی .**

Recieved: 31/8/2021
Accepted: 16/9/2021



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکی

ئەنترۆپۆلۆژیا زانستێکە لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، توێژینەوەی هەموو دیاردە و بوار و ڕەفتارەکانی پەیوەست بە مرۆڤ دەکات، لەسەرەکیترین بابەتەکانی کە جێگەی سەرنجی زۆربەی زانایان و بیرمەندان بووە، بونیادی کۆمەڵایەتییە، کە لە چەندین بوارو ڕەهەندەوە بایەخ بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، ئەویش بە تیشک خستنە سەر هۆکار و بنەما کۆمەڵایەتیی و کلتورییەکانی ئەم بونیادەیە، کە لە سیستەمی ئیکۆلۆژیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کلتوریی و سیاسیی و ئایینیی پێکهاتووە و پەیکەری کۆمەڵگە پێکدێنن، گرنگی تایبەت دەدات بە پەیوەندی کۆمەڵایەتیی بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە، ئینجا لەبەر ئەوەی سیستەمەکان لە کۆمەڵگەدا پێکەوە پەیوەست و گرێدراو و تەواوکارو هەماهەنگن، بۆیە هەر ئاڵوگۆڕ و گۆڕانێك لە ئەرك و دیاردەیەکدا ڕوو بدات لەگەڵ خۆیدا زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکی گۆڕانی لاوەکیی دێنێت و بە ئاستی جیاواز زۆربەی بوار و لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە.

لەم توێژینەوەیە تیشك دەخەینە سەر سیستەمی کۆمەڵایەتیی ناحیەی تەق تەق بە تایبەتی لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیریی، جیابوونەوە، خێزان و خزمایەتیی، کە هیچ کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگە مرۆییەکان ناتوانێت دەستبەرداری بن و دوورکەونەوە، چونکە لە تێرکردنی پێداویستییە مرۆییەکان بە جۆرە جیاوازەکانییەوە ڕۆڵێکی کارا دەبینن. ئەو پێداویستییانە بزوێنەرێك بوون بۆ بەیەکگەیشتن لە نێوان مرۆڤەکان و دروستبوونی ئەو پێکەوەبوونە مرۆییانەی کە گەشەیان کردووە و پەرەیانسەندووە، هەتا گەیشتووەتە ئەوەی کە ئەمڕۆ پێیان دهوترێت کۆمەڵگە مرۆییەکان، کە بریتیین لە بواری توێژینەوە. کەواتە ئەو بوارانە لەم توێژینەوەیە دەخرێتە ڕوو، کە لە ژێر ناونیشانی (سیستەمی کۆمەڵایەتیی ناحیەی تەق تەق توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیی مەیدانییە) کە لە بونیادی کۆمەڵایەتیی کلتوریی ئەو کۆمەڵگەیە دەکۆڵێتەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە باس کردنی شێوازی ژیانی کۆمەڵگەی تەق تەق دەبینێتەوە وەکو بابەتێکی زانستیی ئەنترۆپۆلۆژیی، کە کۆمەڵگەیەکی دێرینە و خاوەن کلتوری خۆیەتی، کە تاوەکو ئێستا هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی زانستیی لەم بوارە تیایدا جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش بوو بە هۆی پاڵنەرێك بۆ توێژینەوەی زانستی لەم کۆمەڵگەیە ئەنجام بدەین.

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش برتیین لە:

زانینی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی تەق تەق.

ئاشکراکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بواری هاوسەرگیریی، خێزان، خزمایەتی کە لە بونیادی کۆمەڵگەکە ڕوویداوە.

خستنەڕووی کێشە و گیروگرفتەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەکە.

لەم توێژینەوەش سوود لە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیی مەیدانی وەرگیراوە پشتبەست بە تیۆری بونیادی ئەرکداریی، بە بەکارهێنای ئامراز و کەرستەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی وەك، شێوازی سەرنجدانی ڕاستەو خۆ و بە هاوبەشیی، چاوپێکەوتن، هەواڵدەر، بەڵگەنامە داتاو تۆمارە فەرمییەکان.

بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەم توێژینەوەیـە لـە پێشـەکی و پێنـج تـەوەرە پێکهاتـووە (سیسـتەمی کۆمەلایەتیـی، هاوسـەرگیریی ، جیابوونـەوە، خێـزان، خزمایەتیـی )، لـە کۆتاییشـدا توێـژەر لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو ئەنجامانـەی کـە لـە توێژینەوەکـەدا بەدەسـتیهێناون، کۆمەڵێـك ڕاسـپاردە و پێشـنیاری خسـتۆتە ڕوو.

## بەشی یەکەم: سەرەتایەک لەبارەی سیستەمی کۆمەڵایەتیی:

بەگشـتی چەمکـی سیسـتەمی کۆمەڵایەتیـی بەپێـی ئەنترۆپۆلـۆژزان (راد کلیـف بـراون) ئاماژەیـە بـە هاوپەیوەسـتیی و هەماهەنگیـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە نێـوان تاکـەکان وکۆمەڵەکانـدا، دەکـرێ ئـەم سیسـتەمە کۆمەڵایەتییـە لـە بونیـادی کۆمەڵگـەدا یـان لـە ئەرکـی کۆمەڵایەتیـی یـان پرۆسـەی کۆمەڵایەتییـدا ببیـنرێ، لـە بـارەی بونیـادەوە سیسـتەم ئاماژەیـە بـەو پەیوەندییـە مرۆییانـەی پێگـە جیـاوازو شـوێنی کارکردنـی جیـاواز لەخـۆ دەگـرن، لەبـارەی ئەرکیشـەوە سیسـتەم ئاماژەیـە بـە دابەشـبوونی کار، واتـە دابەشـکردنی بەرپرسـیارەێتیی بەسـەر ئەوانـەی لـە شـوێن و پێگـەی جیـاوازدا کار دەکـەن، یـان ئـەو ڕۆڵـەی هـەر یەکێـك لـە تاکـەکان هەیەتـی لـەو بونیـادە (زێبـاری و شـوانی،٢٠١٣ :٢٥٧).

لـە هەمـوو کۆمەڵگەکانـدا، پێکهاتـە و بونیـادی کۆمەڵگـە، لـە بچووکـەوە بـۆ گەورەتـر، یـان لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە، لـە دوای تاکـەکان، لـە چەنـد یەکەیەکـی کۆمەڵایەتیـی پیکدێـت وەکـو (خێـزان، بنەماڵـە، تیـرە، خێـڵ، هـۆز ...) هەتـا بـە کـۆی هەموویـان میللـەت و گـەل و نەتەوەیەکـی دیاریکـراو پێکدێنـن (زێبـاری و شـوانی،٢٠١٣ :٢٦٢ ). یەکـەی بنچینەیـی کۆمەڵگـەش بریتییـە لـە خێـزان، خێزانیـش لـە ڕێـگای هاوسـەرگیرییەوە دروسـت دەبـێ، لـە ڕێـگای خێـزان و هاوسەرگیریشـەوە ڕایەڵەیەکـی چـڕی پەیوەنـدی خزمایەتیـی دروسـت دەبێـت، شـوێنی تاکـەکان لـەو تـۆڕە پەیوەندییـەدا ڕۆڵ و ئەرکیـان دیـاری دەکات، کەواتـە هەمـوو ئەمانـە دەچنـە چوارچێـوەی سیسـتەمێکەوە بـە نـاوی سیسـتەمی کۆمەڵایەتیـی، کـە یەکێکـە لـە بابەتـە سـەرەکییەکانی ئەنترۆپۆلۆژیایـی کۆمەڵایەتیی(شـوانی،٢٠١٧: ٢١٤). لایەنـی کۆمەڵایەتیـی مـرۆڤ بابەتێکـی تـری گرنـگ و سـەرەکیی ئەنترۆپۆلۆژیایـە؛ چونکـە مـرۆڤ، پێـش هەمووشـتێك بوونەوەرێکـی بەسروشـت کۆمەڵایەتییـە - مـرۆی تـاك و تەنیـا، هەرگییـز نەبـووە. ژیانـی سـەختی سـەرەتایی پێویسـتی بـە ڕەوە، کۆمەڵـەی بچـووك ژیـاون، لەگـەڵ گەورەبوونـی کۆمەڵەکـە، زۆربوونـی ئەندامانـی و پێداویسـتییەکانی ژیـان، هەروەهـا زێدەبوونـی هۆشـیارییان، جـۆرە ڕێکخسـتنێك لـە نێویانـدا سـەریهەڵداوە کـە تیایـدا پلـە و ئەرکـی هەریەکێکیـان دیاریکـران- ئەمـە بـوو بـە بناغـەی سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتیـی لـە نێـو کۆمەڵـە مرۆییەکانـدا (میـران،٢٠٢١: ٥٧).

کەواتـە سیسـتەمی کۆمەڵایەتیـی بریتییـە لـە تۆڕێکـی ئاڵـۆز لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە هەمـوو تاکەکانـی کۆمەڵگـە بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە لـە کاتێکـی دیاریکـراودا، بۆیـە دەزگا کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگـەی توێژینـەوە پێـك هاتـووە لـە خێـزان، هاوسـەرگیریی، خزمایەتیـی کـە بـە لایەنێکـی گرنگـی ژیانـی کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگـە دادەنرێـت.

## بەشی دووەم :هاوسەرگیریی:

هاوسـەرگیریی؛ دیاردەیەکـی گشـتییە لـە کۆنـەوە ڕێسـای شارسـتانییەتیی میللەتانـی ڕابـردوو و ئێسـتا بـووە، بۆیـە زانایـان هەمـوو کات گرنگییـان پێـداوە، زانـا (ئیـدوارد وسـتر مـارك) پێیوایە:(هاوسـەرگیریی دیاردەیەکـی کۆنـە لـەو

کاتـەوەی ئادەمیـزاد هەیـە هاوسـەرگیریی بەردەوامـە)، بەڵام(فریدریـك) پێیوایـە هاوسـەرگیریی کۆمەڵێـك یاسـاو کلتـور و پەیوەندیـی کۆمەڵایەتیـی و سێکسـیی ڕێکخـراوە لـە نێـوان دوو کەسـی کامـڵ، لـە ڕەگـەزی جیـاواز و لـە دوو خێزانـی جیـاواز، بـۆ پێکهێنانـی خێزانـی نـوێ و خـاوەن منـداڵ کـە لـە یـەك شـوێن دەژیـن (القیـصر و عبدالمنعیـم،٢٠٠٢: ٨٤). بۆیـە هاوسـەرگیریی دیاردیەکـی کۆمەڵایەتییـە، بریتییـە لـە پەیوەندییەکـی کۆمەڵایەتیـی دانپێدانـراو لەلایـەن تاکەکانـی کۆمەڵگـە، کـە ڕەگـەزی نێـر و مـێ ژیـان بەیەکـەوە دەبنـە سـەر، لەسـەر بنەمـای داب و نەریتـی دیاریکـراو لـە بـواری هەڵبژاردنـی هاوسـەری ژیـان (Zerihun,٢٠٠٥:١١٧).

کەواتـە هاوسـەرگیریی سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتییـە و جـۆر و شـێوەی جیـاواز لـە خۆدەگرێـت، لـە نـاو کلتـور و شارسـتانێتییە جیاوازەکانـدا، وەك( یـەك ژنیـی، فرەژنیـی)، یـان (ناوخۆیـی، دەرەکیـی) یـان (سـەرەتایی ، ناوەکیـی )، یـان(ژن بـە ژن) بـە بۆنـە و ڕێ و ڕەسـم جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ پێدانـی پەسـەندی کۆمەڵایەتیـی و یاسـایی شـەرعییبوونی هاوسـەرگیریی مافـی هەریـەك لـە ژن و پیـاو دیـاری دەکات، کۆتاییهێنانـی هاوسـەرگیرییەکەش بـە جیابوونـەوە کۆتایـی دێـت (سـلیم ،١٩٨١: ٦٠١).

هاوسـەرگیریی لـە کۆمەڵگـەی توێژینـەوە پەیوەندییەکـە، لـە نێـوان دوورەگـەزی جیـاوازدا، ئـەم پەیوەندییـەش بەڕەزامەنـدی کۆمەڵایەتیـی و ئایینیـی و یاسـایی خێـزان دروسـت دەبێـت، کـە تیایـدا مـاف و ئەرکەکانـی پەیوەسـت بـە ژن و مێـرد دیـاری دەکرێـت.

باسی یەکەم: شێوەو جۆرەکانی هاوسەرگیریی

بەهـۆی جیاوازیـی و هەمەجۆریـی شارسـتانەکانەوە، هەڵبژاردنـی هاوسـەر شـێوە و جـۆری جیـاوازی بـە خـۆوە بینیـوە کـە هـەر کۆمەڵگەیـەك لـە جیهانـدا بەپێـی ئایـن و داب و نەریتـی خۆیـان هاوسـەرگیریی ئەنجـام ئەدەن(الخطیب،٢٠٠٥: ١٣٠). لە

ئەنجامـی سـەرنجدان و چاوپێکەوتنەکانـی توێـژەر، دیـاردەی هاوسـەرگیریی لـە نێـو کۆمەڵگـەی کوردەواریـی لـە ناحیـەی تـەق تـەق، چەنـد جـۆرە هاوسـەرگیریی هەبـووە، تـا ماوەیەکـی زۆر بـەردەوام بـووە و پەیڕەوکـراوە، بـەڵام ئێسـتا هەندێـك لـە جۆرەکانـی گۆڕانکاریـی بەسـەرداهاتووە و کـەم بۆتـەوە، لـە گرنگتریـن جۆرەکانـی هاوسـەرگیریی، کـە لێـرەدا ئاماژەیـان پـێ دەکەیـن:

١. هاوسـەرگیریی ناوخۆیـی: لـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییەدا تاکەکانـی کۆمەڵەکـە پێویسـتە لـە نێـوان خۆیانـدا ژن و ژنخوازیـی و هاوسـەرگیریی ئەنجـام بـدەن و بـەدەر لـە گروپەکـەی خۆیـان بـە تاپـۆی دەزانن(عمـر،٢٠٠٧: ٥٣). بۆیـە باوتریـن جـۆری هاوسـەرگیرییە لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریـی و نـاو هـۆزەکان، هانـدەر بـۆ ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە، هـۆکاری ڕامیاریـی و کۆمەڵایەتیـی و ئابوورییـە، کـە پەیوەندییـەکان بەهێـز دەکات لـە نێـوان باوکـی زاوا و باوکـی بـووك، بۆئـەوەی زۆربەیـان بەشـداربن لـە هاوکارییکردنـی نێوانیان(خصبـاك،١٩٧٢: ٤٦١). هاوسـەرگیریی ناوخۆیـی یـان لەنێـوان خزمانـدا، لـە کۆمەڵگـەی توێژینـەوە، ئـەم هاوسـەرگیرییە لـە نێـوان خزمانـدا ئەنجـام دەدرێـت بـە تایبەتـی لـە نێـوان دوو بـرا، کـە ئـارەزوو دەکـەن منداڵەکانیـان بـۆ یەکتریـی بێـت، باوکـی کچەکـە حـەز دەکات کچەکـەی بـدات بـە برازاکـەی، زۆربـەی کات کـوڕە مـام بەخواسـتنی کچـە مـام لـە هەمـوو کـەس لـە پێشـترە، ماڵـی کچەکـەش کـوڕە مامەکەیـان پـێ چاکـترە، بەتایبەتـی ئەوانـەی خەڵکـی یـەك گونـدن یاخـود یـەك ناوچـەن.

٢. هاوسـەرگیریی ژن بـە ژن: بریتییـە لـە ئاڵوگۆڕکردنـی دوو ئافـرەت لـە بارمتـەی یەکتریـدا، کـە هەریەکەیـان ئەبێتـە مایـەی شـیربایی بـۆ ئـەوەی دیکەیـان، جگـە لـەوەی هەریەکەیـان ئەبێتـە نـرخ و بەهـای ئـەوەی تریـان

(الخطیب،٢٠٠٥: ١٤٠). کەواتە دوو خێزان ڕێك دەکەون لەسەر ئەوەی کە هەریەکەیان کچێکی خۆیان بدەنە خێزانی بەرامبەریان، جا ئەگەر پیاوێکە کچ یان خوشکی هەبوو ئارەزووی بە هاوسەرگیری کرد و، نەتوانیت مارەیی بدات یان تەنانەت ئەگەر بیشتوانێت مارەیی بدات، بەڵام پێی خۆش نییە پارە بدات، بۆیە لەگەڵ پیاوێکی تر ڕێك دەکەوێت کە خوشکی یان کچی هەبێت بۆ ئەوەی ببنە هاوسەری یەکتریی و، بڕێك پارەی کەمیش دەدەن بە یەکتریی بۆ ئەوەی هاوسەرگیرییەکە شێوازی شەرعیی وەربگرێت (سندی،٢٠٠٨ :١١٨).

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەش لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، بە ڕێژەیەکی زۆر لە کۆندا پەیڕەو دەکرا، چونکە خێزانەکان نەیاندەویست کچەکەیان بە ئاسانی لە دەست بێتەوە، بەڵام بەهۆی گۆڕان و وشیاربوونەوەی خەڵکیی لە خراپیی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ڕێژەکەی کەمبۆتەوە باوی نەماوە.

سەرەڕای هاوسەرگیریی بنپشك، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە شێوەیەکی تری ژن بەژن کردنە، ئەم جۆرە لەسەر ئەوە دامەزراوە، کچ و کوڕێکی منداڵ لە یەکتریی مارەدەکەن، هەندێجار لەسەر بێشکە پێشکەشی یەکیان دەکەن، بە هەمان شێوەی کوڕو کچی گەورە، بەبێ ڕا و بۆچوونی کچ و کوڕەکە، بۆیە کاتێك دەگەنە تەمەنی پێگیشتن، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە زۆربەیجار ئەبێتە کێشە و ناخۆشیی لە کاتی گەورەبوونی کچ و کوڕەکە، بەهۆی ڕازی نەبوونی یەکێیان لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە، ئەم شێوە هاوسەرگیرییە جاران هەبووە، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە کەم بۆتەوە و بەرەو نەمان چووە.

٣. هاوسەرگیریی خوێنبایی: شێوازێکی ترە لە هاوسەرگیریی، ئەم جۆرەشیان لە ئەنجامی دوژمنایەتیی کە لە نێوان دوو بنەماڵە سەرهەڵدەدات، چەندین کەس لە نێوانیاندا دەکوژرێن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە نێوان بنەماڵەکان، زۆرجار ئەم ئاشبوونەوەیە بە ژن دەکرێت، کە کچێک دەدرێتە ماڵی کەسە کوژراوەکە، کێشەکە بەوە کۆتایی دێت (دبیلۆ ئار هەی،٢٠١٠ :٧٥). چونکە ئەم هاوسەرگیرییە دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی دوو بنەماڵە، دوژمنایەتیی لە نێوانیان کەمدەبێتەوە و خزمایەتیی دروست دەبێت. بۆیە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە جاران هەبووە، بەڵام لە ئێستادا لایەنی مادیی شوێنی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەی گرتۆتەوە.

٤. هاوسەرگیریی دەرەکیی: بریتییە لە هاوسەرگیریی لە دەرەوەی گرووپ و خزمایەتییە ڕەچەڵەکییەکان، واتا قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی لە نێوان خزم و کەس و کارەکان (عیدبدر،٢٠٠٧: ٢٣٥). لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، هاوسەرگیریی دەرەکیی پەسندتر و زۆرتر پیادە دەکرێت، هەتا جۆرەکانی تری هاوسەرگیریی. سەرەڕای ئەمانەش، لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانێتیی و تەکنەلۆجیا و بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت لەناو توێژی لاواندا، یەکترناسین و هاوسەرگیریی ئەلکترۆنیی پەیدابووە، کە لەڕێگەی ئامرازەکان و تۆڕەکانی پەیوەندیی، کچان و کوڕان زووتر یەکتریی دەناسن و بڕیاری هاوسەرگیریی دەدەن، دایك و باوك ڕۆڵیان لە بڕیاردان لەم پرۆسەیەدا کەم بۆتەوە، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە نیشانەی نەمانی جیاوازیی و کەلەبەری چینایەتی و زمان و نەتەوە و داب و نەریتە، کە لە ڕابردوودا ڕێگربوون لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا.

بەپێی بەدواداچوونەکان و تێبینیی و چاوپێکەوتنەکان، لە ڕۆژگاری ئێستای کۆمەڵگەی توێژینەوە، شێوازەکانی تری هەڵبژاردنی هاوسەر بەرەو کەمبوونەوە و نەمان چوون وەك( ژن بەژن، بنپشك، بەدووکەوتن، خوێنبایی). بۆیە باوترین جۆر و شێوەکانی هەڵبژاردنی هاوسەرگیریی کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە پەیڕەوەی دەکەن ئەویش هاوسەرگیریی دەرەکیی و ناوخۆییە، بەڵام هاوسەگیریی دەرەکیی زیاتر و پەسندترە، ئەمەش

بەهــۆی گۆڕانکاریــی ئابووریــی و کۆمەڵایەتیــی کــە بەســەر کۆمەڵگەکــەدا هاتــووە، لــە ئەنجامــی تێکەڵبــوون و پەیوەندیــی کۆمەڵایەتیــی لەگــەڵ شــارەکانی دەوروبــەری، ژنهێنــان و شــوکردن بــووە بــە ئارەزوویەکــی تــاك، جیــا لــە ڕابــردوو.

 ســەبارەت بەبــواری هەڵبژاردنــی هاوســەرگیریی، خێــزان دەســەڵات و بریــاری کۆتایــی نەمــاوە وەک لــە ڕابــردوو بوونــی هەبــووە و، گــۆڕاوە بــۆ ئارەزوومەندانــە، کــە بریــاردان لــە دەســت کــوڕ و کچــە بــە شــێوەیەکی ئازادانــە بــۆ هەڵبژاردنــی هاوســەرگیریی خۆیــان. بەپێــی تێبینیکــردن لــە کۆمەڵگــەی توێژینــەوە، چەندیــن بنەمــا و بنچینــە هــەن کــە هەریــەك لــە تاکــەکان بەپێیــی یەکێــك لــەم بنەمایانــە هاوســەری ژیانیــان هەڵدەبژێــرن؛ ئــەم بنەمایانــە ڕۆڵیــان هەیــە لای کچــان و کــوڕان کــە بــە گرنــگ و ســەرەکیی ئەزانــن لــە هەڵبژاردنــی هاوســەری ژیانیــان، وەکــو لەســەر بنەمــای خۆشەویســتیی و ســامانی زۆر و جوانیــی و پلەوپایــە و بەرزیــی چینــی کۆمەڵایەتیــی دەبێــت، جــا زۆربــەی ئــەو کوڕانــەی کــە کچێــك هەڵدەبژێــرن و ئــەو کچانــەش کــە کوڕێــك قبوڵدەکــەن، هەریــەك لــەوان چاویــان لــەو خاڵانەیــە کــە لــە بەرامبەرەکەیانــدا هەبێــت، جگــە لەمانــەش قەیرانــی دارایــی لــەم چەنــد ســاڵەی دواییــدا، کاریگــەری زۆری کردۆتــە ســەر ڕێــژەی هاوســەرگیریی، کــە بــەرەو کەمبوونــەوە دەڕوات، بەهــۆی خراپــی باروگوزەرانــی خێزانــەکان.

دەربــارەی ژمــارەی هاوســەر لــە کۆمەڵگــەی توێژینــەوە، چەنــد شــێوەیەکن کــە بریتییــن لــە، یەکــەم: فرەژنیــی (pologamy): واتــا یــەك پیــاو چەنــد ژنێکــی هەیــە لەیــەك کات دا، کۆمەڵگەکانیــش جیــاوازن لەســەر ژمــارەی ئــەو ژنانــەی کــە ڕێــگا پێــدراون بــۆ یــەك پیــاو، لەوانەیــە ســنورێك نەبێــت بــۆ ژمــارەی ژنــەکان، ئەمــەش بەپێــی یاســا، یاخــود ئاییــن ژمارەکــەی دیــاری دەکات (الخطیــب،٢٠٠٥: ١٣٦). ئــەم جــۆرە هاوســەرگیرییە لــەو کۆمەڵگەیانــەدا بــاوە، کــە ئەندامانــی خێــزان لــە چالاکییــە ئابووریــی و کارو پیشــەییەکاندا پشــت بەیەکــتری دەبەســتن، لــە کۆمەڵگــە لادێیەکانیــش کــە کشــتوکاڵ ســەرچاوەی ئابووریــی و گوزەرانیانــە، پیاویــش لــەم کۆمەڵگەیانــەدا خاوەنــی هێــز و دەســەڵاتێکی کۆمەڵایەتیــی باڵایــە، بۆیــە واهەســت دەکات کــە پێویســتە لەیــەك کات دا زیاتــر لــە هاوســەرێکی هەبێت(عمــر،٢٠٠٧: ٥٣ _٥٤).

ســەبارەت بــە کۆمەڵگــەی توێژینــەوە، بەپێــی بەدواداچونــی توێــژەر، توانیــمان ئامارێکــی فەرمیــی لــە دادگای بەرایــی وەربگیرێــت ســەبارەت بــە فرەژنیــی، لــەم چەنــد ســاڵەی دوایــی دا، بــە تایبەتــی لــە ســاڵانی (٢٠١٤- ٢٠٢٠) هــەروەك لــە خشــتەی ژمــارە (١٢) ڕوونکراوەتــەوە، تەنهــا ( ١ )کــەس ژنــی دووەمــی هێنــاوە لــە ســاڵی (٢٠١٩)، ئێســتا لــە شــارەکە نیشــتەجێن. وەکــو لایەنــی فەرمیــی کــە لــە دادگا تۆمارکــراوە، لــە کۆی (٥٦٧٠) خێزان. (کۆمپانیای خۆراکی کۆیە، ئاماری ژمارەی خێزان(٢٠٢٠)، زانیاریی بڵاونەکراوە).

کەمیی ئەنجامدانی

فرەژنیــی لــە کۆمەڵگــەی توێژینــەوە بــۆ چەنــد هۆکارێــك دەگەڕێتــەوە، لەگــەڵ ئــەوەی هێنانــی ژنــی دووەم بەپێــی یاســا ڕێــی پێــدراوە، بــەڵام هــۆکار و مــەرج و پێــوەری تایبەتیــی بــۆ دیاریکــراوە. لــە باشــووری کوردســتان، بــە پێــی هەموارکردنــی جێبەجێکردنــی یاســای بــاری کەســێتیی ژمــارە(١٨٨)ی ســاڵی (١٩٥٩)هەموارکــراو، یاســای ژمــارە (١٥)ی ســاڵی (٢٠٠٨) ئەنجومەنــی نیشــتمانی کوردســتان- هەرێمــی کوردســتانی عێــراق، هێنانــی زیاتــر لــە ژنێــك ڕێپێنــەدراوە، تەنهــا بــە جێبەجێکردنــی یاســای بەندەکانــی زیاتــر لــە ژنێــك، وەك (ڕازیبوونــی ژنــی یەکــەم بــەو هاوســەرگیرییە، خراپــی بــاری ئابووریــی و توانــای بەخێونەکردنیــان، ئەگــەر ژن نــەزۆك بێــت، یــان نەخۆشــی درێژخایــان، توانــای

سـەرجێی نەبێت).(ڕۆژنامـەی وەقایعـی كوردسـتان، ژمـارە(٩٥) لـە (٢٠٠٨/١٢/٣٠)).
جگـە لـەم هۆكارانـە، ژنـان بەگشـتیی، لەگـەڵ ئـەوە نییـن پیاوەكانیـان ژنێكـی تـر بهێنـن، زۆرجـار كێشـەی كۆمەڵایەتیـی و ئـاژاوە ڕوو لـە خێزانـەكان دەكات. سـەرئەنجام بـۆ كێشـەی قووڵـتر یـان جیابوونـەوە كۆتایـی دێـت، بـەڵام دەتوانیـن لەگـەڵ ئەمەشـدا بڵێـن ئایینـی ئیسـلام مەرجـی دانـاوە وەك دادگەرییكـردن لـە نێوانیانـدا، بۆیـە زەحمەتـە هاوسـەنگیی نێـوان ژنـەكان ڕابگرێـت و توانـای دابینكردنـی پێداویسـتییەكانی ژیانیـان بەرێكـو پێكیـی هەبێـت، هەرچەنـدە لـە كوردەواریـی دەووترێـت «پیـاوی دوو ژنـە جەرگـی كـون كونـە»، سـەراری هەبوونـی نووسـینگەی بەرنگاربوونـەوەی توندوتیژیـی ژنـان، بـە پێشـیلكردنی مافەكانـی ژنـان، بۆیـە زۆرێـك لـەو كەسـانە ناچـارن بـۆ ئەنجامدانـی پرۆسـەی هاوسـەگیریی فرەژنیـی، ڕوو لـە دادگاكانـی دەرەوەی هەرێمـی كوردسـتان بكـەن، بەتایبەتـی دادگای پارێـزگای كەركـوك، چونكـە سـەرەرای جیاوازیـی یاسـاكە و، هەروەهـا هاوسنوریشـە لەگـەڵ كۆمەڵگـەی توێژینـەوە.
دووەم : تـاك هاوسـەرگیریی (monogamy): ئـەم شـێوە هاوسـەرگیرییە، بریتییـە لـە هاوسـەرێتیی یـەك پیـاو لەگـەڵ یـەك ژن دا، هیـچ لایـەك مافـی ئـەوەی نییـە بیـكات بـە دوان، تەنهـا دوای مـردن یـان جیابوونـەوەی ئـەوەی یەكـەم نەبێ (Zerihun,٢٠٠٥: ١١٨).
لـە كۆمەڵگـەی توێژینـەوە، زیاتـر تـاك هاوسـەری پەیـڕەو دەكـەن، واتـا بڵاوتریـن جـۆری هاوسـەرگیرییە لـە كۆمەڵگـەی توێژینـەوە، كـە لـە زانیارییـە مەیدانییـەكان دا دەركەوتـووە، سـەبارەت بەرێـژەی مارەبڕیـن، لـەڕووی ڕێـژەوە بەپێـی سـاڵەكان بەرزونزمیـی پێـوە دیـارە، بـە پێـی ئامـاری دادگای بەرایـی كەسـیی تـەق تـەق لـە سـاڵی (٢٠١٤) ڕێـژەی مارەبڕیـن(٢٩٥) بـووە ، بـەڵام لـە سـاڵی (٢٠١٩) ڕێژەكـە دابەزیـوە بـۆ (٢٢٣)، بـەڵام جارێكیـتر لـە سـاڵی (٢٠٢٠ ڕێـژی مارەبڕیـن زیادیكـردووە بـۆ (٢٥٣)كـەس. هـەروەك لـە خشـتەی ژمـارە(١) ڕوونكراوەتـەوە. لەمـەوە بۆمـان دەردەكەوێـت، كـە دیـاردەی تـاك هاوسـەرگیریی ڕێژەكـەی ڕوو لـە زیادبوونـە، بـە بـەراورد بـە هاوسـەرگیریی فرەژنیـی ، هۆكارەكانیـش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوانـەی كـە لەسـەرەوە باسـكران، سـەرەڕای دابەزینـی ڕیـژەی هاوسـەرگیریی بـە شـێوەیەكی گشـتیی.

خشتەی ژمارە( ١)

ئاماری تاك هاوسەرگیریی و فرەژنیی ناحیەی تەق تەق بۆ ساڵی (٢٠١٤-٢٠٢٠) (*)

| ساڵ | تاك هاوسەرگیریی | فرەژنیی |
|---|---|---|
| ٢٠١٤ | ٢٩٥ | ٠ |
| ٢٠١٥ | ٢٩٤ | ٠ |
| ٢٠١٦ | ٢٦٢ | ٠ |
| ٢٠١٧ | ٢١٧ | ٠ |
| ٢٠١٨ | ٢٢٦ | ٠ |
| ٢٠١٩ | ٢٢٣ | ١ |
| ٢٠٢٠ | ٢٥٣ | ٠ |
| كۆی گشتی | ١٩٧٠ | ١ |

(*)،دادگای بەرایی تەق تەق، ئامار هاوسەرگیریی بۆ ساڵانی (٢٠١٤ تا ٢٠٢٠)، زانیاریی بڵاونەكراوە.

باسی دووەم: ڕێورەسمی هاوسەرگیریی :

ڕێورەسمی نیشانەکردن و مارەبڕیین و ئاهەنگی هاوسەرگیریی لە کۆمەڵگەی کوردیی دا زۆر کۆنە، بە داب و نەریتێکی گرنگ دانراوە، کە بەبێ جیاوازیی چینەکان ئەنجامیان داوە، زیاتر ڕەوشی نەریتیی و ئاینیی هەبووە، نیشانەکردن و مارەبڕیین لەسەرەتاوە بووە، دواتر ئاهەنگی هاوسەرگریی دەستیپێکردووە. لە کوردستان گرنگی زۆری پێدراوە، بۆ چەند ڕۆژێك ئاهەنگ سازدراوە، بەتایبەت لە لادێکان دا، گۆرانی وتراوە خەڵکی هەڵپەڕیون، لەگەڵ ئامادەکردن و لێنانی خواردن بۆ میوانەکان (خەلیقی،١٩٩٢: ١٣٤ _١٣٦).

لە کۆمەڵگەی توێژینەوە و لە کۆمەڵگەی کوردەواریی دا، (خوازبێنیی) سەرەتای کارەکەیە کە لە ماڵی کوڕەکەوە دەست پێدەکات، ئەگەر کوڕ ئارەزووی ژنهێنانی بکات، لە پێشدا بە خزمێکی نزیکی خۆی دەوت بۆ ئەوەی مەسەلەکە بە دایك و باوکی بگەێنێ، بۆ ئەوەی خوازبینی بۆ بکەن، ئینجا دایك و باوکی کوڕەکە کچێکیان بۆ دەستنیشان دەکرد، یان زۆر جار کوڕەکە خۆی کچێکی دەستنیشان دەکرد. ئینجا ڕۆڵی دایك دێت بۆ سەردانییکردنی ماڵی کچ  یاخود چەند ژنێکیان دەنارد بۆ ڕا وەرگرتنی ماڵی کچەکە، دوای گفتوگۆ داوای کچەکەیان دەکرد، ئەگەر ماڵی کچەکە ڕازیی نەبونایە بابەتەکە کۆتایی دەهات، بەڵام ئەگەر ڕازیی بونایە، ئەوا لەسەر مارەیی و داواکارییەکان قسەیان دەکرد، هەڵبەتە باوکی کوڕەکە چەند پیاو ماقووڵ و ڕیش سپییەکیان هەڵدەبژارد، بەشێوەیەکی فەرمیی بچن بۆ داخوازیی لە باوکی کچەکە، جگە لە ڕای کچەکە، پاشان قۆناغی قسەکردن لەسەر ڕۆژی مارەکردنی دیاریی دەکرا، ڕێکدەکەوتن و شیرینیی دەخورایەوە.

لەدوای دوو ڕۆژ نیشانیان بۆ بووك دەبرد، ئەو قۆناغە ڕاستەوخۆ دوای خوازبێنیی دێت،( نیشانکردن)، پێشەکییەکە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە، ئەمەش بۆدروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان هەردوو خێزانەکەدا، ئینجا (مارەبڕیین)، واتا ڕێکەوتن و ڕازییبوونی هەردوولا لەسەر لایەنی هاوسەرگیرییەکە، لەلایەن مامۆستایەکی ئاینیی و بە ئامادەبوونی دوو گەواهی مارەبڕینەکە لە نێوان کچ و کوڕەکە ئەنجام دەدرا، زاوا دەستی باوکی بوکیێ ماچ دەکرد، دواتر لە دادگا لەلایەن دادوەر بەشێوەیەکی یاسایی مارەدەکران، پاش ئەوەی مارەبڕیین دیاریدەکرێت، ماڵی زاوا و ماڵی بووکێ ڕێك ئەکەون بۆ شیرینیی و شەکراوخواردنەوە، ئەم نەریتەش گوزارشت لە لە دڵخۆشی ماڵی زاوا ئەکات بە بۆنەی مارەبڕین و نیشانکردنی هاوسەر بۆ کوڕەکەیان، پاش ئەوەی ماڵی زاوا خۆیان ڕێکدەخەن خەڵك بانگ دەکەن بۆ شایی، ڕۆژێك پێش گواستنەوە لە ماڵی بووك ئاهەنگێکی بچووك ڕێکدەخرێ خزم و کەس و ناسیاویان کۆدەکردەوە، ئەم ئاهەنگە پێی دەوترا ( خەنەبەندان)؛ دەست و پێی بووکیان لە خەنە دەگرت، کچەکانی تریش ناو لەپی خۆیان لە خەنەدەگرت، جلو بەرگی ڕەنگی سووریان دەپۆشی، ماڵی زاواش ئافرەتێکیان دەنارد بۆ ماڵی بووکی پێ دەوترا (بەربووك)، کەسێکی شارەزا و ڕاستگۆ و دڵسۆزو بوو، بۆ ئەوەی بووك بەجوانترین شێوە برازێنرێتەوە، ڕازاندنەوەی بووك زۆرجار لە ئاریشگا دەبوو، هەروەها دەموچاویان بە تارا دادەپۆشرا، زێڕ و زیوو دەکرا بە بووکەکەوە.

دواتر (ئاهەنگی گواستنەوە)، ماڵی زاوا و ماڵی بووك بە هاوبەشیی ڕۆژێك دیاریدەکەن بۆ ئاهەنگگێڕان و گواستنەوەی بووك، کە چەند ڕۆژێك پێشتر ماڵی زاوا کارتی بانگهێشت دەنێرن بۆ خزم و دۆست و کەسەکانیان، بۆ ئەوەی بەشداریی ئاهەنگەکەیان بکەن و دڵخۆشیان بکەن، ئاهەنگ گێڕانیش جۆراوجۆرن، وەکو: مەولوود خوێندنەوە، شایی و هەڵپەرکێ  لە هۆڵی تایبەت دا دەکرا بەو بۆنەیە، یاخود لە باخچەیەك، یان هەر لەماڵەوە ئاهەنگەکە بەڕێوە ئەچێت، بە ئامادەبوونی خزم و کەسەکانیان، دوای وێنەگرتن و پیرۆزبایی لە بووك و زاوا ، ڕێ و ڕەسمی ئاهەنگەکە کۆتایی  پێدێت.

سەبارەت (بە باوانبوونەوە)، پاش ماوەیەك ماڵی بووك دەچوون کچەکەیان دەهێناوە وەک باوانبوونەوەیەک، واتا ماڵی باوکی کچەکە میوانداریی ماڵی باوکی زاوایان دەکرد، پاش سێ ڕۆژی، ماڵی زاوا دەهاتن بوکەکەیان دەبردەوە، پاشان ماڵی زاوا میوانداریی ماڵی باوکی بووکێیان دەکرد، هەموویان بەیەکەوە بەشداریی ئەم خوانەیان دەکرد، بۆیە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان هەردوو خێزان بەهێز دەبوو. ئێستاش ئەو دیاردە و نەریتە هەر ماوەو بەردەوامە و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەر دانەهاتووە (کەژاڵ،٢٠٢١،چاپێکەوتن).

## بەشی سێیەم : جیابوونەوە:

جیابوونەوە واتە کۆتاییهێنان بە گرێبەستی هاوسەرێتیی نێوانە ژن و مێرد، چونکە جیابوونەوە بەستراوە بە ژیانی هاوسەرێتیی، بەڵام هەموو هاوسەرگیرییەك کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەوانەی ناتوانن درێژە بە ژیانی هاوسەرێتیی بدەن، ئەو کاتە جیابوونەوە دەبێت بە چارەسەر بۆ هەردوولایەنەکە (القيصر و عبدالمنعيم،٢٠٠٢: ١٤٠). هەروەها جیابوونەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە لە پەیوەندیی هاوسەرێتی ناتەندروست پەیدادەبێت، لە هەمان کات دا نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتیی ترسناکە، چونکە شکستهێنانە بە پەیوەندیی هاوسەرێتیی و خێزان(الجنابی،١٩٨٣: ١٦). کەواتە جیابوونەوە ڕێگایەکی یاساییە بۆ هەڵوەشانەوەی پەیوەندیی یاخود گرێبەستی هاوسەرگیریی لە ژیانی خێزانیی بە شێوەیەکی فەرمیی، بە بڕیاری دادوەر لەسەر داخوازیی یەکێکیان یاخود هەردووکیان دەبێت، بە هۆیەك یاخود بەبوونی چەند هۆکارێك کە یاسا دیارییان دەکات، بۆیە ئەگەر یەکێکیان بڕیاری پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستەی دا، ئەوە مانای ئەوەیە گرفتێك لە نێوانیان دا ڕوویداوە، کە ناکرێ چارەسەر بکرێ تەنها بە هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکە نەبێ، هەرچەندە جیابوونەوە خۆی لەخۆیدا بە کارەساتێك دادەنرێت، لەهەمان کاتیشدا باشترە لە ژیانێکی ئەستەم و ناخۆش و خۆکوژیی. سەبارەت

بە چەمکەکانی جیابوونەوەی ژن و مێرد (تەڵاق)، لە ناو دادگا جیاوازیی هەیە لەسەر بنەمای یاسا و کار و بەکارهێنانی، چونکە تەڵاق لە دەستی پیاوە و دەتوانێ ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام جیابوونەوە، ژن دەتوانێ داوا لە دادگا تۆماربکات بۆ ئەوەی لە پیاوەکەی جیاببێتەوە و شایستە یاساییەکانی وەربگرێت. جگە لەمانەش پەسندکردنی تەڵاقی دەرکیی هەیە، واتە ئەو ژن و پیاوە لە دەرەوەی دادگا ڕێکدەکەون و تەڵاق دەدرێن، بەڵام لە ناو دادگا داواکارییەکەیان بە یاسایی و فەرمیی دەکرێت (دادوەرکامەران،٢٠٢١، چاوپێکەوتن). ڕێژەی جیابونەوەش لە کۆمەڵگەی توێژینەوە لە زیادبووندایە، بە پێی ئامارە فەرمیەکانی دادگای بەرایی تەق تەق کە تیایدا ڕێژەی جیابوونەوە، لە ساڵی (٢٠١٤) نزیکەی (٣١) کەس بووە، لە ساڵی (٢٠١٩) بەرزبۆتەوە بۆ (٣٧) کەس، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) ڕێژەکە جارێکیتر زیادیکردووە بۆ (٥٠) کەس، هەروەکو لە خشتەی ژمارە ( ٢) ڕوونکراوەتەوە.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەش پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆکارەوە. سەبارەت بە هۆکارەکانی جیابوونەوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە زۆرن، بەڵام ناتوانین بەچەند هۆکارێك دیارییبکەین ،چونکە چەندەها هۆکاری جیاواز جیاواز هەن، بەڵام پێمان باشە ئاماژە بە دیارترین و گرنگترین هۆکارەکانی جیابوونەوە بدەین، کە لە دادگای بەرایی ناحیەی تەق تەق وەرمانگرتووە، وەك هۆکاری (کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، دەروونیی ،ئایینی، بایۆلۆژیی، هۆکاری پەیوەست بە ئامرازەکانی پەیوەندییکردن و میدیاکان).

خشتەی ژمارە( ٢ )

ئاماری تەڵاق و جیابوونەوە بۆ ساڵی (٢٠١٤-٢٠٢٠)(*)

| ساڵ | تەڵاق | جیابوونەوە | پەسەندكردنی تەڵاقی دەرەكیی | كۆی گشتیی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٤ | ٠ | ٩ | ٢٢ | ٣١ |
| ٢٠١٥ | ١ | ٩ | ١٩ | ٢٩ |
| ٢٠١٦ | ٠ | ٩ | ١٨ | ٢٧ |
| ٢٠١٧ | ٠ | ١٥ | ٣٢ | ٤٧ |
| ٢٠١٨ | ٠ | ١٨ | ١٩ | ٣٧ |
| ٢٠١٩ | ٢ | ٢٣ | ٢٣ | ٤٨ |
| ٢٠٢٠ | ٠ | ٢٢ | ٢٨ | ٥٠ |

(*) دادگای بەرایی تەق تەق، ئاماری تەڵاق بۆ ساڵانی (٢٠١٤ تا ٢٠٢٠)، زانیاریی بڵاو نەكراوە.

بەشی چوارەم/ خێزان:

وەك ئاشكرایە خێزان بچوكتریین یەكەی كۆمەڵایەتییە، یەكەكانی پێكدێن لە ژن و مێرد و منداڵەكان، شوێنی كارلێك و پەیوەندیی كۆمەڵایەتییەكانە، تیایدا تاك لە دایك دەبێ و گەشەدەكات و پێدەگات و دەبێتە ئەندامێكی سەربەخۆی پشت بەخۆبەستوو، بەهۆی خێزانەوە تاك ڕۆڵە كۆمەڵایەتییەكان لە ناوەوە و لەدەرەوەی خێزان وەردەگرێت و فێریان دەبێت، لە ڕێگەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتییەوە، بەو هۆیەوە ڕۆڵ و پلە و پایەی كۆمەڵایەتیی لە كۆمەڵگەدا بۆ دەستنیشاندەكرێت( القیصر و عبدالمنعیم،٢٠٠٢: ١١) .

دەزگای خێزان لە دییدی ئەنترۆپۆلۆژییزان (بریتشارد) پێی وایە، خێزان سیستمێكی كۆمەڵایەتیی و یەكەیەكی بنچینەییە لە یەكەكانی بونیادی كۆمەڵایەتییدا، بە تایبەتی لە كۆمەڵگە دواكەوتوەكاندا، كە ڕێكخستنە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر خزمایەتیی و پەیوەندییە یەكەمینەكانی خێزان وەستاوە لەوجۆرە كۆمەڵگەیانەدا، كە ئەركی گرنگ بەجێدەهێنن سەبارەت بە كۆمەڵگە و تاك (خمش،٢٠٠٥: ١١٧).

لەم توێژیینەوەیەدا، مەبەست لەخێزان بریتیە لەدەزگایەكی كۆمەڵایەتیی گرنگ، كە لە ژن و مێرد و منداڵەكان پێكدێت، كۆمەڵێك پەیوەندیی خوێنیی، كۆمەڵایەتیی، ئایینی، ڕەوشتیی، خزمایەتیی و بەرژەوەندیی بە یەكتریان دەبەستێتەوە، لە ماڵێكدا دەژین، بە پێی پێگەی كۆمەڵایەتییان تێكەڵ دەبن و یەك كەلتووری هاوبەشیان هەیە.

## باسی یەكەم: جۆرەكانی خێزان :

لەكۆمەڵگەی توێژیینەوە ،بەدرێژایی مێژوو خێزان گۆڕان و پەرەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بە تێپەڕبوونی كات گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، چونكە بارودۆخی مێژوویی، ئابووریی، سیاسیی، كۆمەڵایەتیی و، كولتووریی كاریگەرییان بەسەرەوە هەبووە، وەگەڵێك جۆرو شێوازی جیاجیای تیادا دەركەوتووە. لە گرنگترین جۆرەكانی خێزان بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١. خێزانی درێژەپێدراو یاخود یەكگرتوو( Extended Family): مەبەست لەم جۆرە خێزانە ئەوەیە كە قەبارەی گەورەییە، پێكهاتووە لە دایك و باوك وەچەكانیان گەورە بوون و ژنیان هێناوە و شوویان كردووە و

منداڵیشیان بووە، هەمویان لەیەك شوێن دەژین، ئەم جۆرە خێزانە زیاتر لە سێ نەوە لەخۆ دەگرێت (باپیر و باوك و نەوە)، (Spenc ٢٠٠٢،٤٤٣). ئەم جۆرە خێزانە لە كۆمەڵگە كشتوكاڵییەكان و هۆزایەتییەكان پیادە دەكرێن، پەیوەندیی نێوانیان توندوتۆڵ و بەهێزە، هەرهەموویان خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن بەرامبەر بە ژیان و گوزەران و پاراستنی ناوبانگی ئەو خێزانە، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیان بەجۆرێك رێكخراون كە سستەمێكی یەكگرتووی تەواوكاری یەكتر پێكدێنن(النوری١٩٨٦ :٦٥). خێزانی كوردیی كۆن بەپێی داب و نەریتە كۆنەكان قەوارەیەكی فراوانی هەیە، ئەگەر باپیر لە ژیاندا مابێت و منداڵەكانی هاوسەرگیرییان پێك هێنابێت، هەموویان پێكەوە بونیادی یەك خێزان پێكدەهێنن و لەیەك ماڵدا دەژین و، لە رووی دارایی و خواردن و ئامادەكردنی خواردەمەنیەوە هاوبەشن، ئەگەر باپیر زۆر پیربوو یان مردبوو، ئەوە كورە گەورەكەی جێگای دەگرێتەوە لەدەسەڵات و بەڕێوەبردنی خێزان دا(شریف،١٩٨١: ٩).

ئەم جۆرە خێزانە لە كۆندا زۆر بڵاوبووە، كە لە دایك و باوك و ئەو منداڵانەی خێزانیان پێكهێناوە و ئەوانەشی پێكیان نەهێناوە و ژن و منداڵەكانیشیان، هەندێ كات خزمی نزیكیش لە گەڵیانن، زۆربەی ئەو خێزانانە لەسەر بنەمای خزمایەتیی خوێنیی بوون، بەهۆی ئەوەی كە كۆمەڵگەی توێژینەوە لە ناوچەیەكی كشتوكاڵی بووە، یەكبوونێكی ئابووریی هاوبەشیش كۆیدەكردنەوە، ئەو خێزانەش بەوە ناسراوە كە یەكێتیی بەرهەمهێن بوون، خۆیان پێداویستەكانی خۆیان دابیندەكرد، جگە لەوەی هەر ئەندامێك لەسەرتاوە بەئەركی خۆی هەڵدەستێت هەموویان بەشدارن لە بەڕێوەبردنی كاروباری ماڵ و كێڵگەدا، كار دابەشكردنەكەش لەسەر بنەمای ڕەگەز و تەمەن و پلە و پایە بوو. لەم جۆرە خێزانەدا وابەستەیەكی زۆر هەیە بە بەساڵاچووان و بەڕێزێكی زۆرەوە باس لە باب و باپیری كۆچكردوو دەكرێت وەك نەریتێكی كۆمەڵایەتیی، هاوسەرگیریی زۆربەیجار لەلایەن دایك و باوكە بەساڵاچووەكانەوە ڕێكدەخرێت و، ئارەزوەكانی كچ و كوڕ جێگەی گرنگیی پێدان نییە، لەم جۆرە خێزانە؛ خزمەكان وەك، باپیر، داپیر (نەنك)، مام، پوور و خاڵ، ڕۆڵێكی كاریگەر و گرنگیان لە ژیانی كۆمەڵایەتیی هەیە، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی مردنی یەكێك لە هاوسەرەكان، پەیوەندییە خێزانییەكە هەڵناوەشێتەوە، بەڵكو بە بەردەوامی دەمێنێتەوە، زۆرجاریش ئەگەر لەیەك ماڵ دا جێگایان نەبووبێتەوە، هەمیشە لە نزیك یەكتریی و دەوروبەری یەكتریی دەژیان و لە چالاكییە گشتییەكانی نێوانیاندا بەشداریی دەكەن و یارمەتیی و هاوكاریی یەكترییان دەكرد، بۆیە دانیشتووی گەڕەكی ڕزگاریی زۆربەیان خەڵكی گوندی (تەكەڵتون) هەروەها تاڵەبانییەكان زۆربەیان لە گەڕەكی سەربەستیی نیشتەجێین. ئەوانە نموونەی ئەو جۆرە خێزانانەن لە كۆمەڵگەی توێژینەوە (عبدالله،٢٠٢٠،چاوپێكەوتن).

## ٢. خێزانی لێكدراو(Compound Family)

خێزانی لێكدراو پێكدێت لە هاوسەرگیریی پیاوێك لە گەڵ زیاتر لە ژنێك و منداڵەكانیان ، یان هاوسەرگیریی بێوەژنێك بە منداڵەكانیەوە لەگەڵ پیاوێكی تردا، كە هەمویان پێكەوە دەژین ( میر،١٩٨٣ :٤١٤). هەروەك لە خشتەی ژمارە(١) ژمارەی هاوسەریی روونكراوەتەوە، كە ئەم جۆرە خێزانە لە كۆمەڵگەی توێژینەوە بەدیدەكرێت، كە بنەماكانی ئاینیی ئیسلام ڕێگا ئەدات بەپیاو، زیاد لە هاوسەرێكی هەبێت چونكە كۆمەڵگەیەكی موسوڵمانە، هەروەها ڕێدەدات بەژن كە چەند شوویەك بكات یەك لەدوا یەك، چ بەهۆی جیابوونەوە بێت یان بەهۆی مردن و لە دەستدانی هاوسەرەكانیەوە بێت.

## ج. خیزانی ناوەکیی (Nuclear Family)

بریتیە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی کە پێك هاتووە لە ژن و مێرد و منداڵەکانیان(کوڕ و کچ) و پێکەوە دەژین، بەڕای زۆربەی توێژەرانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا، ئەم جۆرە خێزانە لە زۆربەی کۆمەڵە مرۆڤایەتییەکان دا هەبووە و، بەشێکە لە سیستەمی خزمایەتیی بەرفراوان، کە لە تۆڕێك پەیوەندیی نێوان (باپیرە و نەوە و خاڵ و مام) پێکهاتووە، ئەم جۆرە بەوە جیادەکرێتەوە کەژیانی تایبەتیی خۆیان هەیە و بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتیی خزمایەتیین و، دەکرێت وەك یەکەیەکی سەربەخۆ جیا لەکۆمەڵ، مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت( القیصر و عبدالمنعیم،١٩٨٥: ٥٠). ئەم جۆرە خێزانە لە زۆربەی شارەکانی جیهان دا بڵاوە، خێزانی ناوەکیی دوو شێوەی جیاوازی هەیە، کە تاکە کەس لە ماوەی ژیانیدا پێیدا تێپەڕ دەبێت، یان لە دایك و باوك و خوشك و برا پێکدێت، کە پێی دەوترێت خێزانی ئاراستەکراو(Family of Orientation)، یاخود هەرکاتێك ئەو کەسە ژنی هێنا، واز لە خێزانەکەی خۆی دەهێنی و خێزانێکی ناوەکیی تر دروست دەکات، کە لە ژنەکەی و مناڵەکانی پێکهاتووە و پێی دەوترێت خێزانی وەچەخەرەوە (Procereation) (الخولی،١٩٨٩: ٥٣).

خێزان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدا بە شێوەیەکی گشتیی خێزانیی ناوەکییە و لە دایك و باوك و منداڵەکان پێکدێت، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەستمان کەوتووە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، ناوەندی ژمارەی قەبارەی ئەندامانی خێزان لە (٥) کەس تێناپەڕێ، کۆی ڕێژەی خێزانیش نزیکەی (٥٦٧٠) خێزانە. (ب،کۆمپانیای خۆراکی کۆیە، ٢٠٢٠، زانیاریی بڵاونەکراوە).

بۆیە کۆمەڵێك هۆکار هەن، کە وایکردووە خێزانی سادە یان ناوەکیی لە کۆمەڵگەی توێژینەوە لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر بێت، لە گرنگترین هۆکارەکانیش، پێشکەوتنی لایەنی شارستانیی و پیشەسازیی و تەکنەلۆجیاییە، کاریگەری فراوانی کردۆتە سەر گۆڕانی سیستەمی خێزان لە ڕووی پێکهاتە و ئەرکەکانەوە، بەتایبەتی سەربەخۆی ئابووریی خێزانەکان و کارکردنی ئافرەت لەدەرەوەی ماڵ، بچووکبوونەوەی قەوارەی خێزان، هەروەها ئەو کەسانەی ژیانی هاوسەرگیریی دروست دەکەن بە ئاسانیی شوێنی نیشتەجێبوونیان دەستدەکەوێت، هەوەها هەرزانیی کرێی خانوو و بەئاسانی دەتوانن دابینی بکەن، ئارەزووکردنی هاوسەرەکان لە سەربەخۆیی شوێنی نیشتەجێبوون، بەمەبەستی گونجاندن و دووربوون لەگرفتە خێزانییەکان، ژن و مێرد لەم جۆرە خێزانەدا پەیوەندییەکانی نێوانیان یەکگرتووە، لەیەکگەیشتن لە نێوان تاکەکانیاندا هەیە و ئامانجەکانیان هاوبەش و هاوکاریی یارمەتییدەری یەکترن.

لەگەڵ ئەوەش زۆربەی خێزانەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە لە جۆری بچووکن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە خێزانی فراوان دانەبڕاون، چونکە پەیوەندییان لەگەڵ خێزانی دایك و باوکی پیاو یان ژن بەهێزە و تێکەڵاویی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش بەهۆی بچووکیی شوێنی جوگرافیا و نزیکهیی خێزانەکان لە یەکترییەوە.

## باسی دووەم: ئەرکەکانی خێزان:

پێشتر خێزان سەرجەم ئەرکەکانی (کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، ئایینی، ئاکاریی، دادگای و پەروەردەیی) لە ئەستۆبوو، بەڵام لە ئێستادا خێزان لە کۆمەڵگەی توێژینەوە زۆرێك لە ئەرکەکانی لە دەستداوە، کە دامەزراوەکانی تر جێگایان گرتۆتەوە بە هۆی دەرکەوتنی ڕوکارەکانی شارنشینیی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی

كـوردی، هـەروەك خێـزان لـە ڕابـردوودا دامەزراوەیەكـی بەرهەمهێـن بـوو، بـەڵام دوایـی كارگـەكان ئـەو گرنگییـە ئابووریيـان بەدەسـتهێنا، بۆیـە كۆمەڵگـە هەمـوو پێداويسـتیەكانی خێزانیـی وەك خـواردن و كەلوپەلـی دابیـن دەكـرد، بەشـێك لـە ئەركـی پـەروەردە و فێركـردن و پێگەیاندنـی كۆمەڵایەتیـی لـە خێزانـەوە گواسـترایەوە بـۆ قوتابخانـە وباخچـەی سـاوایان و دامەزراوەكانـی تـر، بەشـێك لـە ئەركـی پاراسـتن و ئاسـایش گواسـترایەوە بـۆ كۆمەڵگـە، چونكـە خێـزان تاكـە سـەرچاوە بـوو كـە تاكەكەسـیی بـە ئاسـایش و ئارمیـی و دڵنیاییـی دەگەیانـد، بـەڵام لـە كاتـی ئێسـتادا ئەركـی ئارامیـی و ئاسـایش گواسـتراوەتەوە بـۆ دامـەزراوە حكومییـەكان وەك دەزگای پۆلیـس و ئاسـایش، لەگـەڵ ئـەوەش هەندێـك لـە ئەركەكانیـش لـە جێـگای خۆیانـدا مانەتـەوە، گرنگترینیـان بەردەوامییدانـە بەخسـتنەوەی وەچـە بـۆ بەردەوامییـدان بـە كۆمەڵگـە.

## باسی سێیەم/ بونیاد و پێكهاتەی دەسەڵاتی خێزان:

خێـزان بچوكتریـن و سـەرەكترین پێكهاتەیـە لـە بونیـادی كۆمەڵایەتییـدا، ڕۆڵێكـی كارای هەیـە لـە گەشـەكردن و بـەردەوام بوونـی ئـەو پێكهاتەیـەدا، خێـزان لـە كۆمەڵگـەی توێژینـەوە لـە سروشـتی سیسـتەمە كۆمەڵایەتییەكەیـدا بـە پلـەی یەكـەم ملكـەچ دەكات بۆسیسـتەمی دەسـەڵاتی باوكسـالاریی. سیسـتەمی باوكسـالاری (Patriarchal)، واتـا پیـاو لـە خێزانـی كوردییـدا زاڵـە بەسـەر خێزانەكەیـدا، هەرئەویـش هەڵگـری نـاوی خێزانەكەیەتـی و هەمـوو كار و پیشـەیەكی جیـاواز دەكات لـە پێنـاو دابینكردنـی گـوزەران بـۆ ئەندامانـی خێزانەكـەی، هەرچـی ژنیشـە ڕۆڵێكـی كەمـتری هەیـە بـە بـەراورد لەگـەڵ ڕۆڵـی پیـاودا، هـەر لەبـەر ئەوەیـە خێزانـی كوردیـی بـەوە جیـا دەكرێتـەوە كـە دایـك و بـاوك ئارەزوویەكـی بەهێزیـان هەیـە لـە زۆربوونـی ژمـارەی منـداڵ و وەچـە خسـتنەوەدا، بەتایبەتـی منداڵـی كـوڕ، هەرئەوەشـە كـوڕەكان لـە هەمـان كاتـدا بـە پیشـتوانی ئابووریـی دادەنرێـن و، لـە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە پێگەیەكی بەرز لە خێزاندا داگیردەكات( خصباك،١٩٧٢ :٤٥٧).

لەكاتـی مردنـی بـاوك دا، كـوڕی گـەورە لـە خێزانـدا جێگـەی بـاوك دەگرێتـەوە، واتـا ڕەچەڵەكەكـە دەگەڕێتـەوە بـۆ كـوڕ، وەك دەڵێـن دایكـی فـڵان؛ كـەس یـان ژنـی فـلان كـەس، هـەر بۆیـە پێگەیەكـی كۆمەڵایەتیـی بەرزتـری هەبووە لە پێگەی كۆمەڵایەتیی ژن.

چونكـە لـە كۆمەڵگـەی كوردییـدا دەسـەڵاتی پیـاو زۆر بـە بـەرز و پیـرۆز سـەیردەكرێت، دواتـر ئـەم دەسـەڵاتە لـە نـاو خێزانـدا، پلـەی بـاوك دەگەیێنێتـە ئاسـتێكی بـاڵا و كاریگـەر لەسـەر بەڕێوەبردنـی خێزانەكـەی، بەمـەش بنەماكانـی سیسـتەمی باوكایەتیـی لـە كۆمەڵگـەی كوردیـی دا دەچەسـپێنێت، خێزانـی كوردییـش لەسـەر ئـەم سیسـتەمە پـەروەردە كـراوە و شـوێنەواری بەهێـزی لەسـەر سـیفات و كەسـێتیی كـورد و ڕواڵەتەكانـی بەجێهێشـتووە، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو بەهـاو چەمكانـەی، كـە ڕوڵـی گـەورە دەبینێـت لـە ژیانـی خێزانـی كوردیـی دا، وەك (پیاوەتیـی و هێـز و ئازایەتیـی)، (عبداللـە،٢٠٠٤: ٨١). فاكتـەری ئابووریـی بـە پلـەی یەكـەم ڕۆڵـی بینیـووە لـە سـەرۆكایەتیی بـاوك سـالاریی دا، واتـا بـاوك بـە تەنهـا دەسـەڵاتی بـە سـەر ئەندامانـی خێزانەكەیـدا هەیـە ئـەو شـێوازەی سـەرۆكایەتییكردنەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بـاری ئابووریـی، لەبـەر ئـەوەی كۆمەڵگـەی كوردیـی ئابوورییەكـەی یـان كشـتوكاڵییە یـان شـوانكارییە، لـەم كـردارە ئابوورییانـەش دا پیـاو ڕۆڵـی سـەرەكیی دەگێڕێـت (خصبـاك،١٩٧٢ص٤٥٣).

سـەرەڕای جیاوازییەكانـی پێگـەی هـەردوو ڕەگـەز لـە نـاو خێزانـی كۆمەڵگـەی توێژینـەوە، بـەڵام گەلێـك هـۆكاری ڕاسـتیی بارودۆخـی ژیـان وایكـردووە كـە ژن هەندێـك ڕۆڵ و كەسـایەتیی خـۆی بسـەلمێنێت، بـە تایبـەت لـە

قۆناغـی ئێسـتادا، بەهـۆی ئـەو گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییانـەی کـە بەسـەر بونیـادی خێـزان داهاتـووە، لـە خێزانـی فـراوان گـۆڕا بـۆ خێزانـی ناوەکیـی، پێگـەی ژنـان لـە خێـزان دا گۆڕانێکـی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینییـووە، کـە پەیوەندییەکانـی نێـوان ژن و پیـاوی گـۆڕی بـۆ پەیوەندییـەك لەسـەر بنەمـای ڕێـز و تێگەیشـتن و هاوکاریـی لـە کاروبـاری ناومـاڵ، هەروەهـا دەرچوونـی ژنـان بـۆ کارکـردن لـە دەرەوەی مـاڵ و بوونـی داهاتێکـی سـەربەخۆ و بەشـدارییکردن لـە بەڕێوەچوونـی بژێویـی خێـزان هۆکارێکـی تـر بـوو، بـە پێـی تێبینیـی توێـژەر، ژنانـی کۆمەڵگـەی توێژیینـەوە بەشـداریی دەکـەن لـە چالاکییـە کشـتوکاڵییەکان و ئاژەڵداریـی هاوشـانی پیـاوەکان، هەروەهـا فەرمانبـەر و بەڕێوەبەریشـی تێدایـە لـە دامـەزراوە حکومییـەکان، هەندێکیـان شـۆفێریش دەکـەن، هەروەهـا لـە میوانداریـی ژن و پیـاو پێکـەوە دادەنیشـن و خۆیـان جیـا ناکەنـەوە، زۆرجـار ڕایـان وەردەگیرێـت لـە بڕیاردانـی هەنـدێ لایەنـی کۆمەڵایەتیـی خێـزان. جگەلەمـەش؛ زۆربـەی کـچ و ژنـان لـە چالاکیـی ڕۆشـنبیریی و کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی و پیشـەییەکانی سـەنتەر و ڕێکخـراوەکان بەشـدار دەبـن و کار دەکـەن، ڕۆڵێکـی کارایـان هەیـە لـە کردنـەوە و خولـی جۆراوجـۆر و بەڕێوەبردنـی .(کاوە، تەیب،کاوە،٢٠٢١،چاوپێکەوتـن). ڕەنگـە تێڕوانیینـی ئـەم گرێدانـە لەسـەر بنەمـای قوڵبوونەوەیـان لەسـەر ژیانـی ژنـی کـورد نەبووبێـت، بەڵکـو بەشـێوەیەکی سـادە و ڕووکـەش باسـیان لێوەکردبێـت. بـەڵام (سـۆن) یـش جەختـی لەسـەر پـاك و بێگەردیـی و ئەسـڵزادەی ڕەفتـاری ژنانـی کـورد کردۆتـەوە، لـە هەڵسـوکەوت و تێکەڵبوونیـان بـە پیـاوان تـا ئەندازەیـەك سەربەسـت بـوون، بەبـێ ئـەوەی هەسـت بەشـەرم بکـەن ،(سـۆن) ئـەوەی کەوتـەوە یـاد ئـەو گونـدەی، کـە ئـەو سـەردانی کردبـوو، ئـەوەی بەچـاوی خـۆی دیبـوو، کـە ژن ئەگـەر پیـاوی لـە مـاڵ نەبـوو بـە پیـری میوانـەوە دەچـوون و بـە دیاریـەوە دادەنیشـت و خزمەتـی دەکـرد (السـندی٢٠٠٨، :١٥١).

## بەشی پێنجەم: خزمایەتیی

خزمایەتیـی بریتییـە لـە سیسـتەمێکی ڕێکوپێکـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە تاکەکانـی کۆمەڵگـە بەیەکـترەوە دەبەسـتێتەوە بەتۆڕێـك لـەو پەیوەندییانـە (Zerihun,2005: ١١٦). بۆیـە خزمایەتیـی یەکێکـە لـە بابەتـە گرنگەکانـی بـواری ئەنترۆپۆلۆژیـا، کـە جێـی گرنگـی پێدانـی زانایانـی ئـەم بـوارە بـوون، خزمایەتیـی دیاردەیـەك نییـە کـە پەیوەسـت بێـت بـە قۆناغێـك یـان جێگایەکـی ژیانـەوە، بەڵکـو لەگـەڵ سـەرەتای دروسـتبوونی مرۆڤایەتییـەوە سـەری هەڵـداوە و تـا ئێسـتاش بەردەوامـە، لەگـەڵ پەیدابوونـی تەکنەلۆژیـا و جیابوونـەوەی پسـپۆڕییەکان و سـەرقاڵی کەسـەکان خزمایەتیـی، ڕۆڵـی خـۆی لـە دەسـت نـەداوە، واتـە ئەمانـە کاریگەریـان لەسـەر لاوازبوونـی پەیوەندیـی خزمایەتیـی کـردووە، بـەڵام نەیانتوانیـووە ڕەگ و ڕیشـەی نەهێڵـن (شریـف،٢٠٠٦: ٢٥). کەواتـە، خزمایەتیـی یەکەمیـن سیسـتەمی کۆمەڵایەتیـی پەسـەندکراوە، لـەلای گروپـە خێزانییـەکان و ناوچەییـەکان، هەروەهـا ئـەم سیسـتەمە لـە دەرەوەی سـنووری سیسـتەمی خێـزان دا گەشـەی کـرد و پـەرەی سـەندووە، هەروەهـا بەدرێژکـراوەی سیسـتمی خێزانیـی دادەنرێـت، جیـاوازی لـە نێـوان ئـەو دوو سیسـتەمەدا نییـە، چونکـە خێـزان بـۆ زیاتـر لەیـەك نـەوە درێـژەی پێدەدرێـت و پێویسـتیی بەوەیـە ئـەو خزمانەی تێدابێت کە پەیوەندیی خوێن و هاوسەرگیریی دەیانگرێتەوە ( القیصر و احمد ، ١٩٨٥: ٢٥).

لەگـەڵ ئەوەشـدا، خزمایەتیـی پەیوەسـتبوونێکی دانپێـداراوە لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە، کـە پشـت بـە پەیوەندیـی خوێـن و ڕەچەڵـەك و بنەچـەی نێـوان دایـك و بـاوك و نەوەکانیـان و خوشـك و بـرا دەبەسـتێ، ئـەم یەکگرتنـەش

سـەپێنراوە، وەکـو ئـەوەی لـە نێـوان تاکەکانـی کۆمەڵـە خزمایەتییـە گـەورەکان دەبینرێـت، وەك هـۆزو خێـڵ و تیـرە (سـلیم،١٩٨١: ٥٣١). گەرچـی لـە شـارە نوێیەکانـدا ئـەم سیسـتەمە لاواز بـووە، بەهـۆی زاڵبوونـی پەیوەندییـە کەسـێتییەکان و زیادبوونـی ئاڵوگـۆڕی شـوێن و جێـگاو بڵاوبونـەوەی شارسـتانیی، بـەڵام پەرەسـەندنی دامـەزراوە تایبەتمەنـدەکان و بڵاوبوونـەوە یـان زیادبوونـی کارییگەرییـان لەسـەر ژیانـی کۆمەڵایەتیـی ئـەم سیسـتەمەی زیاتـر لاواز کـرد و، وای لێهاتـووە پەیوەندییـە خۆویسـتییەکان جێـی پەیوەندییـە ئۆرگانییـە ناچارییـەکان بگرێتـەوە، لـە نێـو گرووپـە فەرمیەکانـی خزمایەتیـی (القیـصر و احمـد،١٩٨٥: ٢٦). هەرچەنـدە ئـەم ئاڵوگۆڕانـە نەبوونەتـە هـۆی شـاردنەوە و سـڕینەوەی سیسـتەمی خزمایەتیـی لـە کۆمەڵـە نوێیەکانـدا، بەڵکـو توندتۆڵـی ئـەو سیسـتمەیان لاواز کردۆتـەوە، چونکـە هەتـا ئەمـڕۆ خـزم باشـترە لـە بێگانـە بـۆ بەسـتنی پەیوەندیـی و تێکەڵبـوون و کارلێککـردن بـە تایبەتـی لەکاتـی (بێکاریـی، پرسـە، بۆنەکانـی خۆشـیی، ژنهێنـان، خـەم، ناخۆشـیی و نەخۆشـیی)، لـەم بۆنانـە بایەخـی زیاتـری پێدەدرێـت.

کەواتـە خزمایەتیـی کۆمەڵگـەی توێژینـەوە، کۆمەڵەیـەك لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـە، کـە بەهـۆی خزمایەتیـی خوێـن، یـان لـە ڕێگـەی هاوسـەرگیرییەوە لـە نێـوان ژمارەیـەك لـە تاکەکانـدا دێتـە کایـەوە و دەبێتـە هـۆی تۆڕێـك لـە خزمایەتیـی و بەرپرسـیارێتیی و هێـز و توانایەکـی زۆر.

## باسی یەکەم: جۆرەکانی خزمایەتیی :

لـە کۆمەڵگـەی توێژینـەوە خزمایەتیـی لـە بنەڕەتـدا لەسـەر دوو جـۆر پەیوەندیـی دامـەزراوە، ئـەم دووانـەش پەیوەندییەکانـی خوێـن و هاوسـەرگیریی، کـە دوو بابەتـی سـەرەکیین پەیوەسـتن بـە خێـزان و هاوسـەرگیرییەوە، لێـرەدا ئامـاژە بەهەردووکیـان دەدەیـن:

١. خزمایەتیی خوێن :

ئـەو پەیوەندییـە کـە درووسـت دەبیـت لـە نێـوان کۆمەڵـە کەسـانێك، کـە لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە باوەڕپێکـراوە ئـەوەش بەهـۆی ئـەو پەیوەندییـە بایۆلۆژییـەی لـە نێوانیانـدا هەیـە، وەك دایـك و بـاوك کـوڕ و باپیـر و خـاڵ و مـام و ئامـۆزا و پـوورزا و خاڵـۆزا، ئـەم نزیکییـە بەهـۆی خوێـن و دەمارەوەیـە چ لـە ڕێگـەی دایکـەوە یـان باوکـەوە (شریـف، ٢٠٠٦ :٢٧).

خزمایەتیـی خوێـن لـە کۆمەڵگـەی توێژینیـەوە بونیادنـراوە لەسـەر هاوسـەگیریی ژن و ژنخوازیـی نێـوان ژن و پیاوێـك، کەسـەر بەهەمـان ڕەچەڵەکـن لەیـەك بنەماڵـە، تیـرە، خێـڵ، هـۆز کـە پەیوەندییەکـی خوێـن هەیـە لـە نێوانیـان.

بـەڵام نازنـاوی خێزانیـی، پەیوەندیـی ڕەچەڵەکیـی و پەیوەندیـی خوێـن ناگرێتـەوە، بەڵکـو نازناوێکـە پەیوەندیـی بـە پیشـەی سـەرۆك خێـزان یـا کارەکـەی یـا ئـەو شـوێنەی کـە تیایـدا نیشـتەجێبوون یـا خـاوەن کـەم ئەندامییەکـی جەستەیی هەیە(عمر،٢٠٠٧: ١٤٦).

کەواتـە تەنهـا ناولێنانێکـی خێزانییـە، ڕەنگدانـەوەی پەیوەندیـی خوێـن پەیوەندیـی ڕەچەڵەکیـی نییـە، بـەڵام ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە کـە نازنـاوی خێزانیـی دەکەوێتـە دەرەوەی چوارچێـوەی پەیوەندیـی ڕچەڵەکیـی و خوێـن، بەڵکـو خێزانـی خـاوەن نازنـاو ئەندامەکانـی خـۆی بـە پەیوەندییەکـی خوێـن و ڕچەڵەکـی پێـك دەبەسـتێتەوە، بـەڵام بـە خێزانێکـی تـری نابەسـتێتەوە کـە هەڵگـری هەمـان نازنـاو یـا هەمـان کارن، بـۆ نموونـە خێزانێـك کـە نازنـاوی

ئاسـنگەرە، ئـەوە منداڵەکانـی ئـەم خێزانـە کـە لـە ناوچـەی جوگرافیـی (تـەق تـەق ) نیشـتەجێبوون، پەیوەندییـان بـەو خێزانـەوە نییـە کـە ئەوانیـش هەڵگـری نازنـاوی ئاسـنگەرن بـەڵام لـە ناوچـەی جوگرافیـی (کۆیـە) نیشـتەجێن.

٢. خزمایەتیی لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە (ژنخوازیی ):

ئـەم جـۆرە خزمایەتییـە بەهـۆی هاوسـەرگیرییەوە دێتـە کایـەوە، هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە لـە ڕێگـەی هاوسـەرگیرییەوە پەیوەندیـی لەگـەڵ یەکـتر دروسـت دەکـەن و، دەچنـە نـاو تـۆڕی خزمایەتییـەوە، لـە دەرەوەی خزمایەتیـی خوێنەوەیـە ئەمـەش پیـاو بـە خـزم و کەسـی ژن، یـان ژن بـە کەسـی پیـاو دەبەسـتێتەوە وەکـو خوشـکی ژن (ژنخوشـک)، بـرای ژن (ژنـبرا)، خوشـکی پیـاو (دش)، بـرای پیـاو (شـوبرا یـان هێـوەر)، خـەزور، خەسـوو،هتد(شریف، ٢٠٠٦ :٢٧). ئـەم جـۆرە خزمایەتییـە لەئەنجامـی ژن و ژنخوازیـی لـە نێـوان کەسـانێك دا کـە پێشـتر بەیـەك بێگانـە بـوون، واتـا خزمـی یـەك نەبـوون، هەروەهـا خزمایەتیـی نـوێ لەڕێگـەی ئـەم هاوسـەرگیرییە دروسـت دەبێـت، ئـەم پەیوەندیـەش تەنهـا پەیوەندیـی ژن و مێـرد ناگرێتـەوە، بەڵکـو هەمـوو ئـەو پەیوەندییانـە دەگرێتـەوە کـە لەگـەڵ لایەنەکانـی تـردا دروسـت دەبێـت. لـە ئێسـتادا ئـەم جـۆرە خزمایەتییـە لـە کۆمەڵگـەی توێژینـەوە زۆرە، چونکـە لـە گـەڵ زۆرێـك لـە بنەماڵـە و شـوێن و ناوچەکانـی دیکـەدا هاوسـەرگیرییان ئەنجـام داوە پەیوەندیـی خزمایەتیـی دروسـتبووە. جگـە لەمـەش خزمایەتیـی لـە ڕێگـەی شـوێنی نیشـتەجێبوونەوە ڕێگەیەکـی تـرە بـۆ دروسـتبوونی خزمایەتیـی، چونکـە ئەوانـە بـەردەوام کارلێکدەکـەن و پەیوەندییەکـی نزیکیـان هەیـە، هاوکاریـی یەکـتری دەکـەن لـە زۆربـەی کاتـی خۆشـیی و ناخۆشـیی بگـرە زووتـر بـە هانایانـەوە دەچـن، ئەوانـەی دانیشـتووی یـەك گەڕەکـەن یاخـود خەڵکـی یـەك گونـدن، جگـە لـەوەی کـە ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لـە دروسـتبوونی خزمایەتیـی، بەڵکـو زۆرجـار دەبێتـە هـۆی لاوازی پەیوەندیـی خزمایەتـی خوێـن، بەهـۆی دووریـی شـوێنی نیشـتەجێبوونەوە لـە خێزانەکانـی تـر.

## ٣. خزمایەتیی شیریی:

جـۆرە خزمایەتییەکـە کـە بەهـۆی هاوشـیربوونی دوو کـەس دێتـە کایـەوە، کـە دیـارە لـە بـارەی شـەرعییەوە و هاوسـەرگیریی نێـوان کـچ و کوڕێـك کـە شـیریان لـە دایکێـك خواردبـێ، بـەم هۆیـەوە هاوسـەرگیریی نێوانیـان قەدەغەیە(خوڵـق،٢٠١٣، ٢٠٥). دروسـتبوونی ئـەو جـۆرە خزمایەتیـە زۆرجـار لـە ئەنجامـی کارکردنـی دایکەکـە لـە شـوێنێك، کـە منداڵەکـەی لـەلای خێزانێـك بەجێدەهێڵێـت، لـەو کاتـە ئەگـەر ئـەو ماڵـە منداڵیـان هەبـێ ئـەوا شـیری خـۆی پێـدەدات، یاخـود نەخۆشـکەوتنی دایکەکـە، یـان زۆرجـار هەیـە منداڵێـك بەبـۆن دەکـەوێ وەك و نەریتێـك شـیری دایکێکـی تـری پێـدەدەن بـۆ ئـەوەی چاکبێتـەوە. بەپێـی چاوپێکەوتنـمان لەگـەڵ ئـەو خێزانـەی کـە ئـەو جـۆرە خزمایەتییـان لـە نێـوان درووسـتبووە ، لـە ئەنجامـی نەخۆشـکەوتنی دایکەکـە بـووە، هەرچەنـدە بەخزمایەتییەکـی فەرمیـی نەنـاسراوە، تەنهـا وەکـو خزمایەتییەکـی ڕواڵەتیـی (شـەهلە،٢٠٢٠، چاوپێکەوتـن).

## باسی دووەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و یەکەکانی خزمایەتیی:

خزمایەتییـی دەکرێـت بڵێیـن، کوردسـتانی باشـوریش وەکـو بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان لـە چەنـد هۆزێـك پێکدێـت، کـە هەریـەك لـەم هۆزانـە چەندیـن خێـڵ و تیرەیـان لـە خـۆ گرتـووە، هەرچەنـدە لـە ڕووی چۆنیەتیـی ئـەم یەکگرتنـەوە هەمـوو ناوچـەکان لـە یەکتریـی ناچێـت، بـەڵام دەشـێت بوترێـت کەخێڵـی کوردیـی یەکەیەکـی

کۆمەڵایەتیی سیاسییە و بەگشتی بە ناوچەیەکەوە گرێدراوە، بۆیە لە هەمان کاتدا یەکەیەکی ئابوورییش و پشت ئەستورە بە خزمایەتییەوە ئەو خزمایەتییە ڕاستەقینە بێت، یان خەیاڵیی، کە بونیادێکی نێوخۆی تایبەتیی هەیە، ئەم خێڵەش دابەشبووە بۆ ژمارەیەك لە یەکەی بچووکتری وەکو تیرە و بنەماڵە (برۆینسن،١٩٩٩: ١١٨).

لێرەدا خێڵ وەکو کۆمەڵگەیەکە یان هاوپەیمانیی چەند کۆمەڵێکە بۆ ئەوە بەرپاکراوە، تاوەکو باڵی پارێزگاریی بەسەر ئەو تاکانەدا بکێشێت، کەسەر بە ئەوانن سوودیشیان لێ ببینێت، لە کاتێکدا کە تووشی هەرەشەی دوژمنان دەبێتەوە، هەروەها خێڵ هەوڵی پاراستنی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیان دەدەن، هەربۆیەش دەبینین هەر تاکێکی کوردی چ لە شاردا یان گوند بژیت، ئاماژە بۆخۆی دەکات کە سەر بە چ عەشیرەتێکە (های ،٢٠١٠: ٦٨). بەڵام بنەماڵە لەدوای خێزانەوە دووەم یەکەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە، بنەماڵە سەرچاوەکەی خێزانە کاتێك وەچەی خێزانێك زۆر دەبن و منداڵیان لێ دەکەوێتەوە چەند خێزانێکی سەربەخۆ دروست دەبن، بەناوی خێزانی یەکەمەوە دەناسرێن، هەریەك لەم خێزانە نوێیانە بەرپرسی خۆی هەیە کە بەرپرسیارە بەرامبەر بە خێزانەکەی و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ خێزانەکانیتردا، ئەم خێزانە نوێیانە خەسڵەتی یەکەم وەردەگرن ئیتر ئەو خێزانە ڕەگەزی نێر بێ یان مێ بێ جیاوازی نییە (حەمەصالح،٢٠٠٦: ٨٩). خزمایەتیی لە کۆمەڵگەی توێژینەوە لەسەر بنەمای (خێزان، بنەماڵە، لادێ و شار)دامەزراوە، چونکە کۆمەڵگەی توێژیەنەوە لە ( هۆز، خێل، تیرە ) پێك نەهاتووە. لە کۆمەڵگەی توێژینەوە سەرتاپای دانیشتوانەکە لە یەك بنەماڵە نیین، بەڵکو لە کۆمەڵێك بنەماڵە پێکهاتووە.ی

لە دیارترین بنەماڵەکانی (کویخا ڕشید، حەمەدی عباس، حەمەشینی حسێنی حێمر، کاکەڕەش، حەمەسوری جاف، ئەحمەدی دەروێش، محمد ئەمین کیکی، عبدە جاسم، قادری شریف، مستەفای ئایشە، حاجی وەلی، حەمەدئەمین قادر ئەلمەرعی، حسن علی جراح، حەمید کۆسە، ئەمینی خزنە، مستەفا خەیات، کەریم شقارتە، عزیزی سلێمان تورك، غەریب عەرەب لەتیف، وەستا عارف کافرۆش، حەمەدەمینی بەرید، مام ئەحمەدی عبدە)، (ئیلینجاغی،٢٠٠٧: ٦٦). کە هەریەکەیان ژمارەیەك خێزانی لە خۆگرتووە و بەناوی کەسێکەوە ناسراون، کە باپیرە گەورەیان دەکات، ئەم بنەماڵانە هەموویان بە کۆمەڵێك پەیوەندیی بەیەکەوە بەستراونەتەوە لە ڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتوریی و سیاسیی، کە هەرهەموویان لێی بەرپرسیارن. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك کە خێزانەکان لە شوێنی نیشتەجێبوون دوور دەکەونەوە بە ناوی نیشنگەکەیانەوە دەناسرێن، بۆ نموونە دەڵێن خەڵکی ناحیەی تەق تەق یان خەڵکی گوندی شیواشۆك، ئیتر بە بنەماڵەکەیەوە نا ناسرێت لەو شوێنەدا.

خزمایەتیی لە کۆمەڵگەی تەق تەق پەیوەستە بە(پشتی باوك ). ڕەچەڵەکی باوك ؛ مەبەست ئەو کەسانەیە، کە بەهۆی باوکەوە پێکەوە پەیوەستن و دەبنە خزمی یەکتریی، کە پەیوەندیی نێوان باوك و کچ و کوڕەکانی و منداڵی کوڕەکانی دەگرێتەوە، بەڵام منداڵی کچەکانی بە پشتی باوکیانەوە پەیوەست دەبنەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو (ابو زید،١٩٧٩: ٣١٠-٣١١). واتا ئەو پەیوەندیيانەی کە تاك بە باوباپیرانیەوە دەبەستێتەوە، لە ڕێگەی باوکیەوە ( ڕەچەڵەکیی یەك هێڵیی)، لە ڕێگەی باوکەوە دەست بە هێڵی ڕەچەڵەکیی خۆی دەکات بۆ نەوەکانی، (میرات) یش بە گوێرەی ئەم سیستەمە، لە ڕێگای نێرینەوە دێتەکایەوە، واتا لە مامەوە بۆ کوڕ و کچی خوشك و براکانی.

لەسەر ئەم ڕەچەڵەکە کوڕەکان شوێنی باوکیان دەگرنەوە و ی باوکیان دەکەوێتە ئەستۆ، پاش ئەوەی دەگەنە تەمەنی پێگەیشتوو، دەسەڵات دەکەوێتە دەست کوڕی گەورە، پاش ئەوەی باوکی دەمرێت، بەم جۆرە و لەسە ر ئەو بنەمایە لە زۆربەی کاتەکاندا هەڵسوکەوت و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی لە گەڵ خزمەکانی دەکات، ئەگەر هاتوو لەم ساتەدا کوڕی گەورە مرد، ئەوا کوڕی لەو بچووکتر شوێنی دەگرێتەوە، دواتر بەو ڕیزبەندییە پرۆسەکە ڕێچکەی خۆی وەردەگرێ لەناو خێزانەکاندا، ئەگەر هاتوو کوڕ یاخود برای نەبوو ئەوا بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە ئەستۆی مامی گەورە، کەوا خەرجیی و سەرپەرشتیی و ئەرکی دابینکردنی گوزەرانی ژیانی منداڵەکانی برازای لە ئەستۆ دەگرێ.

بەڵام ئافرەت، واتا پشتی دایك. «مەبەست ئەو کەسانەیە لە ڕێگەی پشتی دایکەوە پێکەوە پەیوەستن، کە پەیوەندی نێوان دایك و کوڕ و کچەکانی دەگرێتەوە، هەروەها ڕێگەیەکە بۆ پەیوەستکردنی منداڵ بە داپیر، باپیر، خاڵ ، پور، پوورزا، خاڵۆزا و هەموو ئەوانەی کە لە ڕێگەی دایکەوە دەگاتەوە پێیان و دەبنە خزمی یەکتریی» (ابو زید،١٩٧٩: ٣١٠). واتا لە ڕەچەڵەکی خێزانەکەی خۆی جیادەکاتەوە کە پێش هاوسەرگیرییەکەی بۆی دەگەڕایەوە، بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکی پیاوەکەی وەربگرێ.

سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خزمایەتیی لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، ئەوانەی بەهۆی ئەوەی خزمی سەرەکیین، لە ناوەوەی تۆڕی پێوەندییەکاندا ماف و ئەرکی توند و پتەوبوونی هەیە، چونکە هەموو دیاردە خزمایەتییەکان، نەریتێکی داسەپێنراون و لەسەر تاکەکەسی نێو کۆمەڵەی خزمەکان پێویستە جێبەجێیان بکات، واتا لەتەك هەر بۆنە و ڕێوڕەسمێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە چالاکییە خزمایەتییەکان، دەبێ ئەو تاکە ئامادەیی هەبێت، ئینجا ئەو چالاکییانە خۆشئامێز یان کارەساتئامێزن، وەکو نەرێتی ئاهەنگی بوك گواستنەوە یان پرسە و ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن، یان لەوەش قورستر دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتیی و دوژمنداریی.

## باسی سێیەم: گۆڕانی پەیوەندیی خزمایەتیی :

لە تێبینیکردنی خزمایەتیی کۆمەڵگەی توێژینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە خزمایەتیی وەك هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتیی تر بە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی و پێشکەوتنی شارستانێتیی و پەرەسەندنی خێرای تۆڕەکانی پەیوەندیی و تەکنەلۆژیا، پاڵنەرێك بووە بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریی لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان، کە دووچاری گۆڕانکاریی هاتووە و خزمایەتیی وەك خۆی نەماوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵوەشان و لەبەریەکترازانی پەیوەندییەکانی خزمایەتیی بەو بەڵگەیە هەژمار ناکرێت، کە خێزانیش هەڵوەشابێتەوە، لاواز بوونی ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستی داواکارییەکانی ژیانی هاوچەرخ، زاڵبوونی خێزانی بچووك و باڵادەستبوونی، هەروەها بڵاوبوونەوەی بنەمای ئازادیی لە هەڵبژاردنی هاوسەریی ژیان؛ واتا لە دەرەوەی خزمەکان، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی فێربوون وخوێندەواریی، جێگۆڕکێی شوێنی نیشتەجێبوون و پەرش و بڵاوبوونەوەی نیشتەجێبوونی ئەندامانی یەك بنەماڵە بەسەر چەند ناوچەیەکی جوگرافیایی دوور لەیەك، هاریکاریی یەکتر بەشێوەیەکی بەردەوام کارێکی ئەستەم بوو، لەلایەکی ترەوە زاڵبوونی بەهای ماددیی بەسەر بەهای مەعەنەویی دا، و سەرهەڵدانی دامەزراوە و ڕێکخراوە فەرمییەکان کە پێویستی بەکەسانێکە کاری تییدا بکەن، بە گوێرەی ئەزموونی لێهاتوویی نەك

بەگوێرەی ئینتیمای خێڵەکیی و پەیوەندیی ڕەچڵەکیی، هەروەها جێگرتنەوەی یاسا لەبری تۆڵەسەندنەوە، جێگرتنەوەی خۆشەویستیی خاڵ لە جێگای مام دوای مردنی سەرۆك خێزان، ئەو گۆرانکارییانە بوونە هۆی گۆڕانی خزمایەتیی لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی بۆ گروپێکی کۆمەڵایەتیی، ئەمانە ئەو فاکتەرانەن کە بوونەتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندییە خزمایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا.

لە گەڵ ئەوەش ڕاستیەك هەیە، کە هەتا ئێستا کۆمەڵگەی توێژینەوە خزمایەتیی پاراستووە کە ڕۆڵی گرنگی لە بواری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریدا هەیە؛ واتە ئێستاش پێگە و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە. چونکە، بەشێکی بەرچاو لە خێزانە ناوەکییەکان ئێستاش لە کاروبارەکانی وەك بەخێوکردن وچاودێرییکردنی منداڵەکان، یارمەتیی لە کاتی نەخۆشیی، یارمەتی دارایی، هاوکاریی لە کاروبارەکانی ناوماڵ، دۆزینەوەی پیشە، پەنا بۆ تۆڕی خزمایەتیی دەبەن (محسین،٢٠٢١،چاوپێکەوتن).

## باسی چوارەم: زاراوە خزمایەتییەکان

خزمایەتیی بریتییە لەو کۆمەڵە زاراوانەی کە هەڵگری پێدراوێکی کۆمەڵایەتیی و کلتوریین، لە شێوەی جیاکراوەدا سیمای خزمایەتیی لە خۆدەگرن، جا بەم هۆیەوە کەسەکان هەریەکەیان وشەیەکی دیاریکراوی بە گوێرەی (ڕەگەز، تەمەن ، نەوە، خزمایەتی خوێن) پێ دەبەخشرێ، بە گوێرەی دابەشکردنەکەی( لویس مۆرگان)، زاراوەکان بەسەر دوو پۆل دابەش دەبن، (ئیسماعیل،٢٠٠٤: ٢٦٣).

یەکەم: زاراوەی (وەسفکاریی) مەبەست لە وەسفکردن؛ واتا بانگکردنی کەسانێك بە ناوی مام، ئامۆزا، برا، خوشك، دایك لە ناو کۆمەڵگەدا، لەگەڵ ئەوەش کە خزمی ئێمە نین، واتا ئەو دەستەواژانەی بۆیان بەکاردێنین تەنیا پەیوەستە بە تەمەن و جۆرێکە لە ڕێزگرتن. کۆمەڵێ زاراوەی خزمایەتیی (وسفی تایبەت ) هەیە کە تاك هەندێ خزمەکانی بانگ دەکات، کە کەسانی تر بانگیان ناکات جگە لەوان وەك (مامی بابم، خاڵی بابم، ئامۆزام، بنئامۆزام-بنعام)، (احمد، ١٩٩٤: ١١٥).

دووەم: زاراوە (پۆلێنکارییەکان) ئەوەیە کە هەریەك لە ئێمە بە گوێرەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی خاوەنی یەك یان چەند دەستەواژەیەکی زمانەوانی خزمایەتیین، وەکو باوك، دایك، خوشك، برا ...هتد. ئێمە بەگوێرەی ئەو ئاماژە زمانەوانییانە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانمان لەگەڵ بەرامبەرکانمان ڕێکدەخەین، بە واتایەکی تر سیستەمی خزمایەتی لە سەرەتاوە جۆری قسەکردن و جوڵانەوەی ئێمەی لەبەرامبەر هەریەك لە کەسانی نێو کۆمەڵەی خزمەکان دەستنیشانکردووە ( ئیسماعیل،٢٠٠٤: ٢٦٤). لە گەڵ جیاوازبوونی کۆمەڵگەکان، زاروەکانی خزمایەتییش جیاواز دەبن، لە کۆمەڵگەی توێژینەوە زاراوەی خزمایەتیی بە دوو شێوە دەبن.

چەمکی (وەسفکردن) ئەو چەمکەیە کە قسەکەر چۆن وەسفی خزمانی نزیکی خۆی دەکات. بەڵام چەمکی(بانگکردن) کە قسەکەر چۆن بانگی خزمانی نزیکی خۆی دەکات، (سلیم،١٩٥٦: ٨٩-٩٣). شیکردنەوەی ئەم زاراوانە مەرجێکە بۆ تێگەیشتن لە خودی خزمایەتیی، چونکە زۆرجار شێوەزاری قسەکردن ئاماژە و هێمای ناسینەوەی ناوچەکەیە، چونکە زمان توخمێکی مەعنەویی کلتورە. لێرەدا مەبەستمان خەڵکە ڕەسەنەکەی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە، چونکە پێکهاتەی دانیشتوانی تەق تەق هەندێ خەڵکی شاری کەرکوك و هەولێر و سلێمانی لێ نیشتەجێن، بەهۆی هەندێ هۆکاری سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، جگە لەوانەش پێشتر ناحیەی سێگردکان سەر بە ناحیەی تەق تەق بووە، بۆیە خەڵکی ئەو ناوچەیە هەندێکیان دانیشتووی

کۆمەڵگەی توێژینەوەن، کە شێوەزاری دیالیتیکی( لوڕییە)، کە لە نێوان خۆیان بەو زمانە گفتوگۆدەکەن نەك بە شێوەزاری سۆرانی.

پۆلێنکردنی زاراوە خزمایەتییەکانی ناحیەی تەق تەق، بەگوێرەی نێر و مێ و ڕێگاکانی وەسف و بانگکردن، لە خشتەی ژمارە ( ٣ ) ڕوونکراوەتەوە(نوزاد،٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

خشتەی ژمارە( ٣)

ڕوونکردنەوەی زاراوەکانی خزمایەتیی کۆمەڵگەی تەق تەق

| ژ | زاراوەی خزم | ئاماژەپێکردن (وەسفکردن) | بانگکردن |
|---|---|---|---|
| ١ | باب | بابمە | بابە-کاکە |
| ٢ | داك | داکمە | دایە |
| ٣ | برا | برامە | بەناوی-کاکە |
| ٤ | خوشك | خوشکمە | بەناوی |
| ٥ | کوڕ | کوڕمە | کوڕم |
| ٦ | کچ | کچمە | کچم |
| ٧ | باپیر | باپیرمە | باپیرە |
| ٨ | مامی باب | مامی بابمە | مامە |
| ٩ | پلکی باب | پلکی بابمە | پلە |
| ١٠ | کوڕی مامی باب | ئامۆزای بابمە | مامە |
| ١١ | کچی مامی باب | ئامۆزای بابە | پلە |
| ١٢ | کوڕی پلکی باب | کوڕی پلکی بابمە | بە ناوی |
| ١٣ | کچی پلکی باب | کچە پلکی بابمە | پلە-بە ناوی |
| ١٤ | داکی باب | داپیرمە | داپیرە |
| ١٥ | خاڕی باب | خاڕی بابمە | خاڕە |
| ١٦ | کوڕی خاڕی باب | کوڕی خاڕی بابمە، خوارزا | بەناوی |
| ١٧ | کچی خاڕی باب | خاڕۆزای بابمە | بە ناوی |
| ١٨ | پلکی باب | پلکی بابمە | پلە |
| ١٩ | کوڕی پلکی باب | کوڕە پلکی بابمە، پلکەزای بابمە | بە ناوی |
| ٢٠ | کچی پلکی باب | کچە پلکی بابم، پلکزای بابمە | بەناوی |
| ٢١ | مام | مامە | مامە |
| ٢٢ | پلك | پلکمە | پلە |
| ٢٣ | ژنی باب، زرداك | زرداکمە | دایە |
| ٢٤ | کوڕە مام | ئامۆزامە | ئامۆزا-بەناوی |
| ٢٥ | کچەمام | ئامۆزامە | ئامۆزا-بەناوی |
| ٢٦ | ژنی مام | مامۆژنمە | مامۆژن |
| ٢٧ | کوڕی پلك | کوڕی  پلکمە | بەناوی |
| ٢٨ | کچی پلك | کچی پلکمە | بەناوی |
| ٢٩ | مێری پلك | مێردی پلکمە | بەناوی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٠ | بابی داك | باپیرمە | باپیرە |
| ٣١ | داکی داك | داپیرمە | داپیرە |
| ٣٢ | خار | خارە | خارمە |
| ٣٣ | کوڕی خار | کوڕی خارمە-خارۆزامە | بەناوی |
| ٣٤ | کچی خار | کچی خارمە-خارۆزامە | بەناوی |
| ٣٥ | ژنی خار | خارۆژنمە | خارۆژن |
| ٣٦ | کوڕی پلك | کوڕی پلکمە-پلکەزامە | بەناوی |
| ٣٧ | کچی پلك | کچی پلکمە-پلکزامە | بەناوی |
| ٣٨ | مێردی پلك | مێردی پلکمە | مام-بابە |
| ٣٩ | مێردی داك،زڕباب | زڕبابمە | مامە-بابە |
| ٤٠ | ژنی برا | براژنمە | برای ژن-ناوی |
| ٤١ | کوڕی برا | برازامە | بەناوی |
| ٤٢ | کچی برا | برازامە | بەناوی |
| ٤٣ | مێردی خوشك | زاوامە | بەناوی |
| ٤٤ | کوڕی خوشك | خوارزامە | بە ناوی |
| ٤٥ | کچی خوشك | خوارزامە | بەناوی |
| ٤٦ | ژنی کوڕم | بووکمە | بەناوی |
| ٤٧ | کوڕی کوڕم | کوڕەزامە-نەوەمە | کوڕم |
| ٤٨ | کچی کوڕم | کوڕەزامە | کچم |
| ٤٩ | مێردی کچ | زاوامە | بەناوی |
| ٥٠ | کوڕی کچم | کچەزامە | کوڕم |
| ٥١ | کچی کچم | کچەزامە | کچم |
| ٥٢ | ژن | خێزانمە | بەناوی |
| ٥٣ | بابی ژن | خەزوورمە | مامە |
| ٥٤ | داکە ژن | خەسوومە | مامۆژن |
| ٥٥ | برای ژن | کوڕی خەزورمە | بەناوی |
| ٥٦ | خوشکی ژن | خوشکی خێزانمە | بەناوی |
| ٥٧ | کوڕی ژنەکەم | زڕکوڕمە | کوڕم- ناوی |
| ٥٨ | کچی ژنەکەم | زڕکچمە | کچم-ناوی |
| ٥٩ | مێردی ژن | مێردمە | بەناوی |
| ٦٠ | بابی مێرد | خەزورمە | مامە |
| ٦١ | داکی مێرد | خەسوومە | مامۆژن |
| ٦٢ | برای مێرد | شوبرامە | بەناوی |
| ٦٣ | خوشکی مێرد | دشمە | بەناوی |
| ٦٤ | کوڕی مێرد | زڕکوڕمە | بەناوی |
| ٦٥ | کچی مێرد | زڕکچمە | بەناوی |

.

ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە :

یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامە گشتییانەی لای خوارەوە:

دیــاردەی هاوســەرگیریی دەرەکیــی؛ واتــا لــە دەرەوەی ڕەچەڵەکــی خزمایەتیــی لــە کۆمەڵگــەی تــەق تــەق بــە پەســندتر دادەنرێــت.

لــە ئەنجامــی گۆڕانــی ئابووریــی و کۆمەڵایەتیــی کــە ڕویــداوە لــە کۆمەڵگــەی توێژینــەوە، شــێوازی خێزانــی بنکــە فــراوان بــۆ خێزانی(نــاوك) بچــووك گــۆڕاوە.

بــە هــۆی گۆڕانــی کۆمەڵایەتیــی و کلتوریــی وئابووریــی و پێشــکەوتنی لایەنــی ڕۆشــنبیریی و پێشــکەوتنی ئامرازەکانــی تەکنەلۆجیــا و سۆشــیاڵ میدیــا، پەیوەندییــە خزمایەتییــەکان لاوازبــووە.

خزمایەتیــی لــە کۆمەڵگــەی تــەق تــەق لــە ڕێگــەی ڕەچەڵەکــی باوکــە، واتــا لەســەر بنەمــای میراتگریــی ، چونکــە کۆمەڵگەیەکــی باوکســالارییە، بۆیــە هەڵگــری نــاوی منــداڵ لــە ڕێگــەی باوکــەوە دەبێــت.

شــێوازی ژیانــی کۆمەڵایەتیــی تــەق تــەق ســادە و ئاســانە، پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــی ڕۆژانەیــان ڕووبــەڕووە لــە ژیانــی کاری ڕۆژانەیــان، بۆیــە ئــەو پەیوەندییانــە لەســەر بنەمــای هاوکارییبــوون گــۆڕاوە بــۆ بەرژەوەندیــی تایبــەت .

دیــاردەی جیابوونــەوە وەکــو دیاردەیەکــی کۆمەڵایەتیــی لــە کۆمەڵگــەی توێژیینــەوە ڕوو لەبەرزبوونەوەدایــە، بەپێــی ئامــاری دادگای بەرایــی تــەق تــەق.

بەهــۆی پەیدابوونــی دامــەزراوە پەروەردەییــە فەرمییــەکان، خێــزان بەشــێکی زۆری ئەرکەکانــی خــۆی لەدەســتداوە و ئــەو دامەزراوانــە ئەرکەکانــی خێــزان جێبەجــێ دەکــەن.

کــوڕ و کــچ ئــازادن لــە هەڵبژاردنــی هاوســەر و، هەروەهــا لــە دوای هاوســەرگیرییان ئــازادن لــەوەی لــە شــوێنێکی ســەربەخۆ بژییــن لــە ماڵــە باوانیــان جیاببنــەوە.

لەبــەر ئــەوەی پێکهاتــەی دانیشــتوانی تــەق تــەق لەســەر بنەمــای هــۆز و عەشــایەریی دانەمــەزراوە، بۆیــە سیســتەمی دەربەگایەتیــی لــەو ناوچەییــە بــەرەو کاڵبوونــەوە چــووە.

دیاردەی فرەژنیی لە کۆمەڵگەی تەق تەق هەندێجار لەبەر کۆمەڵێ هۆکار پەیڕەودەکرێت.

دووەم / ڕاسپاردەو پیشنیارەکانی توێژیینەوە:

لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەو ئەنجامانــەی کــە توێژینەوەکــە پێیــان گەیشــتووە، ئــەم ڕاســپاردە و پیشــنیارانەی لای خــوارەوە بــە پێویســت دەزانییــن بــۆ بابەتــی توێژیینەوەکــە بخرێنــە پێــش چــاو:

توێژیینــەوەی هاوشــێوە لــە شــار و شــارۆچکەکانی هەرێمــی کوردســتان، بەشــێوەیەکی زانســتیی لــە بــواری ئەنترۆپۆلۆژیــا ئەنجــام بدرێــت، وەکــو ئەرکێکــی نیشــتمانیی.

پێویســتە زیاتــر بایــەخ بــە توێژینــەوەی زانســتیی لەبــواری بونیــادی کۆمەڵگــەکان بدرێــت، بــە جۆرێــك دام و دەزگا حکومییــەکان ســوود لــەو توێژیینەوانــە وەربگــرن، بــە ئاڕاســتەیەك کــە کەموکورییــەکان بزانــن و، بــە میکانیزمێکــی زانســتیی پــلان دابڕێــژن بــۆ چارەســەرکردنیان.

پاراســتنی پەیوەندیــی خێــزان و خزمایەتیــی، ڕۆڵ و کاریگەریــی گرنگیــی، لەســەر بەردەوامیــی پێکهاتــەی بونیــادی کۆمەڵایەتیــی کۆمەڵگــە دەبێــت و، پارێزگاریــی کــردن لــە و داب و نەریتانــەی کــە ناســنامە و هێــمای کلتوریــی ناوچەکــەی پێــوە نــاسراوە.

پێشــنیار دەکەیــن بــۆ خێزانەکانــی کۆمەڵــگای توێژینــەوە، کــە ڕێگــر نەبــن لــە هاوســەرگیریی کردنــی کــوڕ و کچەکانیــان، بــۆ ئــەوەی دووربکەونــەوە لــە کێشــە کۆمەڵایەتیــی و دیــاردەی خۆکوشــتن، لــە نێــو گەنجەکانــی کۆمەڵگــەی توێژینــەوە.

پێویســتە لەســەر وەزارەتــی پــەروەردە؛ هەوڵــی گەشــەپێدانی ڕۆشــنبیریی مافەکانــی مــرۆڤ و یەکســانیی لــە نێــوان ژن و پیــاو لــە پرۆگرامەکانــی خوێنــدن دا بــدات، بــە وتنــەوەی وانــەی تایبــەت بــە بەهــا کۆمەڵایەتییەکانــی خێــزان، لــە خوێندنــگاکان دا.

# Social System of Taq Taq Township
# A Field Anthropology Research


## Abstract

Societies include a group of systems or a main social structure that contains a group of systems, roles, and special places. This group of systems from a function perspective is connected due to the social relationships, which exist among each individual in those systems, where they accomplish and exchange their specific roles in their determined places. This is called social structure, which is one of the important parts of social anthropology.

Generally, the social system is an indicator of the style or the way of society individuals through which they treat and affect each other as a guide to organize their daily transactions among them. All these effects and social relationships are the results of social system structure such as marriage, family, and kinship for providing the needs of human life and for society continuance.

The purpose of this study is to know the social lifestyle of Taq Taq society and to reveal the changes that happened in the social structure of marriage, divorce, family, and kinship zone as well as to expose the problems of the social system.

This subject is qualitative anthropology research which has been done in the center of Taq Taq Township. The researcher got an advantage from the field of anthropology with the support of the theory of structural functionalism by using the methods and materials of collecting information like direct noticing and with others, interview, informant, document, data, formal registrations and remaining of the researcher in the social field of the research.

For obtaining the result, the study is divided into five chapters includes society system, marriage, divorce, family, and kinship. In the end, the researcher has concluded that the phenomenon of external

marriage is preferable, large families turned into small families, the kinship is through father's race because society is a masculine one, the occurrence of divorce is increasing, the boys and girls have the freedom to choose their spouses, and sometimes polygamy in Taq Taq society is adopted due to some factors.

Keywords: society system, marriage, divorce, family, kinship.

# النظام الاجتماعي في ناحية طق طق
# دراسة أنثروبولوجية ميدانية

## الملخص

تضم المجتمعات الانسانية مجموعة رئيسية من النظم والابنية الاجتماعية و التي تحتوى على مجموعة أدوار يمارسها الانسان فيها. ترتبط هذه الانظمة بعضها بالبعض وظيفيا بسبب العلاقات التى تربط الافراد مع بعضهم، وكل فرد عادة ضمن نظمه الاجتماعي يمارس دوره و ينجز ما عليه من الواجبات. وهذه العملية تدرسها الانثروبولوجيا الاجتماعية ميدانيا داخل المجتمع، لكى يتعرف على طبيعتها و علاقاتها مع الاجزاء الاخرى و التغيرات التى حصلت عليها عبر الزمن .

يعتبر النظام الاجتماعي احدى المؤشرات الاجتماعية المؤثرة و التي من خلاله يمارسها الفرد دوره داخل المجتمع و طريقة تعامله مع الاخرين. و جميع تلك الادوار التى يمارسها الفرد داخل المجتمع هي نتاج للبناء الاجتماعي و العلاقات الاجتماعية داخل العائلة او ضمن نطاق نظام القرابة و الزواج و التي بدورها يؤدى الى استمرار النظام الاجتماعي و ادامته.

هذه الدراسة هى من الدراسات الانثروبولوجية التى تم اجرائها في مركز ناحية طق طق، و قد استعان الباحث بالنظرية البنائية الوظيفية و اساليب جمع المعلومات المتبعة فى الانثروبولوجيا و هي - الملاحظة المباشرة، المقابلة، المخبرون، الوثائق الرسمية، البيانات، التسجيلات الصوتية، لغرض الحصول المعلومات الصحيحة من الميدان بشكل مباشر.

قمنا بتقسيم الدراسة الى خمسة فصول؛ كل محور يشمل جانب من الجوانب النظام الاجتماعي لمجتمع الدراسة وهذه المحاور هي: نظام الاجتماعي، الزواج، الطلاق، الاسرة و القرابة.

وفى النهاية توصلت الدراسة الى مجموعة نتائج؛ من ابرزها هي ان مجتمع الدراسة تفضل الزواج الخارجي على الزواج الداخلي، كذلك يميل المجتمع الى تكوين اسر صغيرة الحجم بدلا من الاسر الكبيرة ، ارتفاع نسب الطلاق خاصة بين الشباب من المتزوجين، وجود حرية الزواج و اختيار الشريك لدى الذكور والبنات. المفاهيم الأساسية لهذا البحث هي: نظام اجتماعي، الزواج، الطلاق، الاسرة، القرابة.

## لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم:سەرچاوە کوردییەکان:

ئیسماعیل، ڕێبین رسول و شەریف، دیار عزیز(٢٠٠٤)، ئەنترۆپۆلۆژیا، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر.

ئیلینجاغی، ئاراس (٢٠٠٧)،تەق تەق پلکەزێرینی کەناری زێی بچوك، چاپخانەی یاد ،سلێمانی.

بروسن، مارتن فان(١٩٩٩)، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، وەرگیرانی کوردۆ، بەرگی یەکەم، چ٢، دەزگاو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

حمەصالح، عیزەت فەتاح(٢٠٠٦)، هەورەمان- توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆژی، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

خەلیقی، حسین(١٩٩٢)، کۆمەڵناسی کوردەواری، چ٢، چاپخانەی حوادث، بغداد.

خولق، عەلی ئەکبەر(٢٠١٣)، بنەماکانی کۆمەڵناسی، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

زێباری، تاهیر حەسۆ و شوانی، محمد حوسێن(٢٠١٣)، دەروازەیەك بۆ کۆمەڵناسی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

سندی، بەدرخان(٢٠٠٨)، کۆمەڵگەی کوردی لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، چاپخانەی خانی ،دهۆك.

شوانی، محمد حسین(٢٠١٧) بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، هەولێر.

عمر، معین خلیل(٢٠٠٧)، کۆمەڵناسی خێزان، وەرگێرانی ئارام ئەمین جلال، چاپخانەی خانی، دهۆك.

القیصر، ملیحة عونی و احمد، صبیح عبدالمنعم(٢٠٠٢)، سۆسۆلۆژیای خێزان، وەرگێرانی صابر بۆکانی، چاپخانەی داناز، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی تاوان.

میران، ڕەشاد(٢٠٢١)، مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

های، دبیلۆ ئار(٢٠١٠)، دووساڵ لە کوردستان و گەشتێکی نهێنی بۆ میزوبۆتامیا، وەرگیرانی لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

ابوزید، احمد(١٩٧٩)، البناء الاجتماعی مدخل لدراسە المجتمع، الانساق، ج٢، ط٣، الهیئة المصریة العامة للکتاب، الاسکندریة.

الجنابی، عائدة سالم محمد(١٩٨٣)، المتغیرات الاجتماعیة والثقافیة لظاهرة الطلاق، دار حریة للطباعةوالنشر، بغداد.

خصباك، د.شاکر(١٩٧٢)، الاکراد،دراسة جغرافیة اثنوغرافیة، مطبعة شفیق، بغداد.

الخطیب، محمد(٢٠٠٥)، الانثربولوجیا الاجتماعیة، دار علاءالدین، دمشق.

خمش ،مجدالدین عمر خیری(٢٠٠٥)،علم الاجتماع الموضوع و المنهج، ط٣، دار المجدلاوی للنشر توزیع، عمان.

الخولی،د.سناء(١٩٨٩)، الزواج والاسرة فی عالم المتغیر، دار المعرفة الجامعیة، اسکندریة.

سلیم, شاکر مصطفی(١٩٨١)، قاموس الانثروبولوجیا, جامعة الکویت.

سلیم، شاکر مصطفی(١٩٥٦)، الجبایش، مطبعة الرابطة، بغداد.

شریـف، د.فاتــن محمــد(٢٠٠٦)، الاسرة والقرابة(دراســات فــى الانثروبولوجيــا الاجتماعيــة)، دار الوفــاء لدنيــا الطباعــة والنــشرة، الاســكندرية.

شريـف، عبدالسـتار طاهـر (١٩٨١)، المجتمـع الكـوردى، دراسـة اجتماعيـة ثقافيـة سياسـية، مـن منشـورات جمعيـة الثقافـة الكرديـة، بغـداد.

عيد بدر، يحيى مرسى(٢٠٠٧)، اصول علم الانسان-الانثروبولوجيا، دار الوفاء، الاسكندرية.

ميـر ،لويـس(١٩٨٣)، مقدمـة فـى الانثروبولوجيـا الاجتماعيـة، ترجمـة د.شـاكر مصطفـى سـليم، ط٣، دار الحريةللطبعـة، بغـداد.

النورى، قيس(١٩٨١)، الحضارة والشخصية، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة موصل.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

.ENCYCLOPEDIA of social and Cultural Anthropology, New Fetter Lane, London (٢٠٠٢) Spenc, Jonathan

Introduction to Sociocultural Anthropology, Ethiopia Ministry of Education, (٢٠٠٥)Zerihun, Doda Debub University. Cultural

چوارەم: سەرچاوەی نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا:

احمد،محمـد مصطفـى(١٩٩٤)، بيـاره دراسـة سوسـيو انثروپولوجيـة، رسـالة ماجسـتير غيـر منشـورة، تقـدم بهـا الـى مجلـس كليـة الاداب جامعـة صـلاح الديـن، اربيـل.

عبداللـه ،اسـۆ ابراهيـم(٢٠٠٤) ،السـمات القوميـة للشـخصيه الكرديـة، دراسـة اجتماعيـة ميدانيـة ، اطروحـة دكتـورا غيـر منشـورة ،جامعـة سـليمانية.

پێنجەم: سەرچاوەی گۆڤارو ڕۆژنامە:

ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان،ژمارە(٩٥) لە (٢٠٠٨/١٢/٣٠).

شەشەم: چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان:

وەزارەتی پیشەسازی، کۆمپانیای خۆراکی کۆیە، ئاماری ژمارەی خێزان(٢٠٢٠)، زانیاری بڵاونەکراوە.

ئەنجومەنــی دادوەری، ســەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونــی ناوچــەی هەولێــر، دادگای بەرایــی تــەق تــەق، ئامــار هاوســەرگیری بــۆ ســاڵانی (٢٠١٤ تــا ٢٠٢٠)، زانیــاری بــڵاو نەکــراوە.

ئەنجومەنــی دادوەری، ســەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونــی ناوچــەی هەولێــر، دادگای بەرایــی تــەق تــەق، ئامــار تــەلاق و جیابونــەوە بــۆ ســاڵانی (٢٠١٤ تــا ٢٠٢٠)، زانیــاری بڵاونەکـراوە.

حەوتەم: چاوپێکەوتن:

عبدالله محمد احمد (٢٠٢١/٣/١)، فەرمانبەری خانەنشین.

محسن محمد (٢٠٢١/٢/٢)، بەڕێوبەری کتێبخانی تەق تەق.

کەژاڵ محمد احمد (٢٠٢١/٢/٢)، ژنیماڵەوە.

نوزاد (٢٠٢١/٢/٣)، کەسایەتی دیاری ناحییەی تەق تق.

کامەران محمد حمە رسول(٢٠٢١/٤/٣)، نوسەری داد، لە دادگای تەق تەق.

شەهلە سابیر ڕەمضان(٢٠٢١/٢/٢٢)، مامۆستا.

تەیب،کاوە(٢٠٢١/٤/٣)،لێپرسراوی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کۆییە و تەق تەق.